# زمانە فەرمیەکان
# لەدەستوری وڵاتە فیدراڵیەکان

تاریق جامباز

٢٠٠٥



**www.hoshyari.com**
**E-mail: govarynovin@yahoo.com**
**TEL: 3133365-3131262**
**FAX: 004724135515**

# دەستور بەردی بناغەی
# عێراقی فیدراڵی نوێیە

ولاتـی عێـراق لـە رۆژی دامەزراندنیـەوە (١٩٢١) جگـە لـە یاسـای بنچینەیی (دەستوری هەمیشەیی ١٩٢٥) هـەموو دەستورەکانی تـری (کـاتی بـوون) چـونکە بـە بـیرو هـزری بـالا دەسـتی و تاکـە نەتـەوەی دەسـەلاتدار دانـراون و تـەنیا حوکمرانـەکان و دارو دەسـتەیان هـەموو مافەکانیان بۆ خۆیـان تـەرخان کرد بـوو وگشت نەتـەوەکانی عێراقیش ئەرکیان هێندە قورس گران بـوو کە بە هـاولاتی دانە دەنران. گەرچی عـیراق و کوردسـتان ولاتێکـی زەنگـین و دەوڵەمەنـدن بـەلام (هەژارانـە) دەژیـان و لەبـەر ئـەوە دەسـەلاتداران عێـراق نـا دیموکراسـی بـوون بۆیـە هاولاتیـان لـە ووشـیاری دەسـتوری و یاسـایی بـە جـۆرێکی ئەنقەسـت فـەراموش کرابـوون و دەبا دەست بەووشیاری دەسـتوری بکـەین تـاکو هاولاتیان لە نەزانین بێ ئاگای سەردەمی ڕژێمی پێشوو ئازادبن و پترو باشـترو قـوڵتر ووردتـر لـە لایەنـەکانی دەسـتور بگـەن ئـەوا پێویسـتە و ئەرکی سەرشانی هەمووومانە کە بە هەڵمەتێکی وشیاری دەستوری ڕابین بۆ ئەنجامدانیشی لە یەکێتی ئەوروپا ٢٢ ملیۆن یۆرو بەدیاری دراوە بە عێراق بۆیە پێویستە سوود لە ئەزموونی ولاتانی دیکە وەربگرین بۆ نموونـە لـە پرۆسـەی دانـانی دەسـتوری ئـەفریقی ئـەوا بـە هەڵمـەتێکی تۆکمـەی پـلان بـۆ دانـرا کـە تیایـە هـەر سێ کـەناڵی ڕاگەیانـدن کـاتێکی زۆریان بۆ ئەم مەبەستە بە چەندان زمان تەرخان کرد چونکە لەم ولاتـەدا



(١١ زمـانی ڕەسمـی هەیـە) هـەردوو زمـان لـە هـەرێمێك و سـەرەڕای چاپکرانی ڕۆژنامەیـەکی ڕۆژانـە بـە سـەدو شەسـت هـەزار دانـە و بـەم بۆنەیـەوە فلیمـی کـارتۆنی تایبـەت بـە بەرهـەم هێنـراو و پۆسـتەرو کۆبوونەوەو سیمنارو کۆنگرەو چاپکردنی نامیلکەو کتێب و ... هتد کە ئـەم هەڵمەتـە ٧٣ ٪ لـە هاولاتیـانی گرتـەوەو هاولاتیـانیش یـەك ملیـۆن پێشنیارو داواکاریـان نـارد بـۆ لیژنـەی دارشـتنی دەسـتورو ئێمـە لـە عێراقی فیدراڵی پێویستمان بە دەستورێکە کە ماددەو بڕگەکانی دوور درێژو ڕوون و ئاشکرا بێ بە مـەرجێ هەندێ ماددەی تاکو چەند ساڵی دیکە نەتوانرێ هەموار بکرێن ولێرەدا دەستوری هیندستان کە لە ٣٩٥ مادده پێکهاتووە بۆ نمونە دەهێنمەوە چونکە لە چەندین ئاین و نەتەوە پێك دێت بۆ زامنکردنی مافەکان ئەوا بە ووردی و قوڵی باس لە هـەموو لایەنەکان کراوە و هیچی نەهێڵدراوەتەوە بۆ لێکدانەوەو بۆچونی جۆراو جـۆر بۆیـە هندسـتان دیموکراسـی و فیـدراڵی تیـا سـەقامگیرو ئـارام و ئاسودەیەو ئاماژەو هێما بۆ دەستورەکەی دەکرێ.

**پارێزەر**
**طارق جامباز**
٢٠٠٥/٧/١

## یەکەم دەستووری عێراقی بە زمانی کوردی پێش ٨٠ ساڵ

هەندێ چاپەمەنی کتێب یان گۆڤار یا ڕۆژنامە یا بڵاوکراوە یا دەست نووس هەن‌و زۆر جار ناویان دەبیستین و دەخوێنینەوە بەڵام هەندێکیان تا کاتی ئەم نووسینەش نەدۆزراونەتەوە یا لای لایەنێك یان کەسانێکن چ لە کوردستان یان هەندەران پارێزراون، خەمخۆرانیش هەوڵی دۆزینەوەو سەر لە نوێ چاپکردنەوەیان نەداوەتەوە لەبەر ئەوەی نا حەزان چاویان بە وشەی ڕەسەنی کورد هەڵنایێ بۆیە بەهەموو جۆرێ هەوڵی لەناوبردنیانداوە ئێستاش ئەرکی سەر شانی نەتەوایەتی ڕۆڵەکانی کوردستانە کە بەدوایاندا بگەڕێن‌و بپرسین‌و بیاندۆزینەوەو بە چاپیان بگەیەنن، بەم جۆرەش دەرگایەکی پرشنگدارو شکۆداری کەلتوری کوردی دەکرێتەوەو تیایدا چەندان هێمای پرسیارو سەرسورمانمان بۆ یەکلادەکرێتەوە، لەبەر ئەوەی دۆزینەوەی ئەم چاپەمەنیە دوو دڵی‌و ڕاڕا بوونی کە هەبوو ناهێڵێ وە بەم جۆرەش کارێکی وولات پارێزی ئەنجام دەدرێت.

خۆش بەختانە پاش ڕاپەرین بوار ڕەخسا کە ژمارەیەکی چاك لە کتێب‌و ڕۆژنامەو گۆڤار بڵاو کراوەو دەست نووس بە چاپ بگەیەنرێن، یان دووبارە چاپکرانەوە، بەم شێوەیەش خزمەتێکی مەزن‌و بەرزی کتێبخانەی کوردی کرا، بۆ ئەوەی ئەم سەرچاوە دانسقەو دەگمەنانە



لەبەر دەستدابن‌و نەوە لەدوای نەوە بیانخوێننەوەو باس‌و خواسیان لەبارەوە بنووسنەوە.

لە ژمارەی یەکەمی گۆڤاری یاسا پارێزی لە نووسینێکمدا ئاماژەم بۆ قانونی ئەساسی عێراقی کردبوو [1] کە لە ساڵی ١٩٢٥ بە ٢٧ لاپەڕەو لە چاپخانەی حکومەت چاپکراوە، بەڵام هیچ زانیارییەکی دیکەم لەم بارەیەوە نەدەزانی تاکو لەسەرەتای ئەمساڵدا ڕۆژێك کاك شێروان حەیدەری مزگێنی دۆزینەوەی دەقی ئەم قانونەی بە زمانی شیرینی کوردی پێ ڕاگەیاندم، منیش هەناسەی ئۆخەیم هەڵکێشا، چونکە خەرمان بەرەکەتی کوردانەنی یاسا دەگەیەنێ کە نزیکەی دوو ساڵە لە دادگاکان‌و فەرمانگەکانی سەر بەوەزارەتی داد لە پایتەختی کوردستانی فیدراڵیدا بەڕێك‌و پێکی جێبەجێ دەکرێت، وە کاك شێروان حەیدەری رایسپاردم کە نووسینێکی لە بارەوە بنووسم... منیش هەرێم پێداو. بەر لە هەموو شتێ چەند جار قانونە وەرگێراوەکەم بە دووردی‌و قوڵی خوێندەوە ئینجا لەبەر ئەوەی بە ڕێنووسی کوردی ئەوسا نووسراوەتەوە، بۆیە یەکسەر هەمووم بە ڕێنووسی ئیمرۆ نووسییەوە، ئینجا بەراوردم لەگەڵ دەقە عەرەبیەکە کرد (٢) دوو فەرهەنگۆکم بۆ کرد یەکەمینیان هەندێ وشەی بە ڕێنووسی ئەوساو ئیمرۆ دووەمیان چەندان وشەیەکی عەرەبی‌و بەرامبەرەکەی کوردیەکەی وەرگێڕەکە شارەزاییکی باشی لە شێوازەکانی زمانی کوردی هەبووە. بۆیە گەرچی بە شێوەی کرمانجی خواروو وەری گێڕاوە، بەڵام سوودیشی لە شێو زاراوەکانی تریش وەرگرتووە بۆ نموونە (ئەزو فرۆتن) وا بزانین وەرگێرەکەی پارێزەر و ئەندامی

پەرلەمانی عێراقی (١٩٢٨– ١٩٣٠ )و ئەندامی دادگای تەمییزی عێراقی داواکاری گشتی عێراقی ئەوسا ڕێزدار (معروف جیاووك– ١٨٨٥– ١٩٥٥) کە وڵاتپارێزانە داکۆکی لە زمانو خاكو نەتەوەی کردووەو هەڵوێستەکانی شایەتی بۆ دەدەن.

لەم قانونە وشەی (دەستور) لەبەر ئەوەی وشەیەکی عەرەبی نییە، بۆیە لە جیاتی دەستور (قانونی ئەساسی عێراقی ) یان بەکارهێناوەو پرۆژەی ئەم دەستورە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ڕاپرسییەی، کە لەکانونی یەکەمی ١٩١٨ و کانوونی دووەمی ١٩١٩ کراوە، چونکە تیایە جەماوەر داوای سێ ئامانجی دەکرد (سەربەخۆیو هەڵبژاردنی پەرلەمانو دانانی دەستور) بۆیە هەر لەگەڵ دامەزراندنی دەوڵەتی عێراق لە ساڵی ١٩٢١ پاشای عێراق (فەیسەڵی یەکەم) لە ٢٣ ئایی ١٩٢١ لە کۆبوونەوەیەکدا ڕایگەیاند، کە یەکەمین کاری ئەو ڕێگە خۆشکردنەوە بۆ مەیسەرکردنی هەڵبژاردنی پەرلەمانێك کە ئەویش رادەبێ بە دانانی دەستورێك بۆ وڵاتی عێراقو لە کۆتایی بەهاری ١٩٢١ دەست بەدانانی پرۆژەی دەستورێك کرا کەبەچەند قۆناغێك داچووە:

١. پرۆژەی ١٩٢١.
٢. پرۆژەی بەغدای یەکەم لە ئاداری ١٩٢٢.
٣. تەتەڵەکردنی وەزارەتی موستەعمەراتی بەریتانیا لە ١٦ نیسانی ١٩٢٢.
٤. پرۆژەی بەغدای دووەم لە ١٥ شوباتی ١٩٢٣.
٥. دوا تەتەڵەکردنی وەزارەتی موستەعمەراتی بەریتانی لە ١٩ نیسانی ١٩٢٣.



٦. پرۆژەی دەستورەکە بەشێوەی کۆتایی.

دەستوورەکە لە (١٢٣) بەند پێك هاتووە، لە ٢٥ شوباتی ١٩٢٤ دەست بە هەڵبژاردنی ئەندامانی پەرلەمانی عێراق کراو لە ٢٧ ئاداری ١٩٢٤ پەرلەمان یەکەمین کۆبوونەوەی بەست، کە چەندان ئەندامی کوردی تیابوو، بۆ نموونە لە هەولێر [٣] هەشت پەرلەمانتار هەبوون کە ئەمانەن:

١. ئیبراهیم حەیدەری.
٢. سەبیح نەشئەت.
٣. داود حەیدەری.
٤. مەلا محەمەد جەلی زادە (مەلای گەورە).
٥. عەبدوڵڵا موخلیس.
٦. محەمەد شەریف.
٧. حاجی پیرداود دزەیی.
٨. حوسێن مەلا دزەیی.

لە سلێمانیش شەش پەرلەمانتار بوون:

١. سەید زادە.
٢. شێخ قادر
٣. عوسمان زادە عیزەت.
٤. میرزا فەرەج.
٥. فەتاح زادە محەمەد.
٦. تەریق زادە محەمەد.

له لیوای موسل‌و کەرکوك دیالەش پەرلەمانتاری دیکەی کورد هەبوون. له دانیشتنی (٤٢) پەرلەمانی عێراق بڕیاری دا کەلیژنەیەك بۆ لێوردبونەی له (١٥) ئەندام پێك هات‌و، هەر شارەی ئەندامێك جگە له موسڵ دوو ئەندامی هەبوو و بۆ لێوردبوونەوه له دەستورەکەش سێ کەسیان کورد بوون (داود حەیدەری‌و میرزا فەرەج‌و حەبیب تاڵەبانی)[٤]. گەرچی پێشتر له ٢٤ شوباتی ١٩٢٢ بەیاننامەیەك لەمەڕ پاشای عێراق فەیسەڵی یەکەم دەرچوو، که هەردوو حکومەتی عێراق‌و بەریتانیا دان به مافەکانی کوردی نێو عێراق دەنێن به دامەزراندنی حکومەتێکی کوردی‌و نوێنەریان بۆ بەغدا بنێرن، تاکو پەیوەندی ئابووری‌و سیاسی باسی لێوه بکرێ [٥] وه گەرچی قانونەکه له پەرلەمان دەرچوو بەڵام پاشای عێراق تا ٢١ ئاداری ١٩٢٥ واته پاش هەشت مانگی دیکه ئینجا پەرلەمان توانی پەسندی بکات، ئەمەیش لەبەر ئەوەی پێویستی به ڕەزامەندی وەرگرتنی کۆمپانیاکانی نەوتی بەریتانی هەبوو، پاش پەسندکردنی لەلایەنی شای عێراقەوه ئینجا بڵاوکرایەوه بەڵام لەبارەی زمان‌و خاکی کوردان ئەوا ناڕاستەوخۆ بەشێوەیەکی گشتی باسی زمان کراوه له ماددەی شازدەهەمین: (هەموو تایەفێیك حەقی ئەوەی هەیه بۆ فێرکردن ئەفرادی خۆی بەزمانی خۆی مەکتەب دانێ، موحافەزەی زمانەکەی بکا به شەرتێ که موافیق ئەو پرۆگرامه عمومیه بێ که قانون دای دەنێت).

له بەندی شەشەمیشدا (هەر چەند لەدین‌و قەومیەت‌و له زمانیشا جۆێبن، له نەزەر قانوندا له حقوقدا له بەین ئەهالی عێراقدا هیچ فەریقێك نیه).



ئەوەی لەم دەستورەدا سەرنجمان رادەکێشێ ئەوەیه که ناوی نەتەوەکەمان‌و زمانی تیانەهاتووه (سەبارەت به کورد، له دەستورەکه هیچ ماددەیەکی بۆ تەرخان نەکردووەو تەنانەت ناویشی نەهێناوەو بەرەسمی دانی به زمانەکەشی دانەهێناوه)[٦]. گەرچی پەرلەمانتارە کوردەکانی نێو پەرلەمانی عێراقی دەیانتوانی داوای بکەن گەر پێکەوەش نەیانکردبێ ئەوا هەڵوێستی پەرلەمانتارێکی کورد که نەیتوانی بێ دەنگ بێ ئەویش پەرلەمانتار حازم بەگی کوری یوسف بەگی شەمدین ئاغا له ئەشرافی زاخۆ نائیبی لیوای موسل له ٨ تشرینی ئەوەلی ١٩٢٥ سەبارەت به ئیستخدام معلمانی کورد زیاتر له کوردستان تەقریری دا بەریاسەت‌و له ئیجتماعی (٣٥)مین مەجلییس به ئەکسەریەت تەقریری حازم بەگ قبولْ کراو خرایه ژێر قەرار.

گۆڤاری دیاری کوردستانیش(٧) لەم بارەوه دەنوسێ ئەمجا حەقمان هەیه بەناوی حقوقی ئیجتماعی‌و نەفعی عمومی تەتبیق قەرار مەجلیسی میللی له حکومەت تەلەب ئینتزار بکەین.

و له رۆژنامەی ژیانەوەی ژ (٢٢) ساڵی ١٩٢٥ [٨] بەم جۆره باسی ئیعلانی دەستوری عێراقی کردووه: رۆژی ٢١ مارتی ١٩٢٥ که شەممە بوو تەسادف رۆژی ئیعلانی دەستوری عێراقی کرد بوو، بەم موناسەبەتەوه عولەماو ئەشراف‌و مەتەمیزانی بەلده به تزکیرەی مەخسوس له تەرەف جەناب موتەسەرفەوه (ئەحمەد تۆفیق ط.ج)دەعوەت کرابوون... لەپاش ئیجتماع لەتەرەفی حەزرەتی موتەسەرفەوه نوتقێکی بەلیغ خوێندرایەوه, که سورەتی لەژێر دەرج کراوه: ئەمڕۆ به موناسەبەت ئەوەی که دەستور یعنی (قانون ئەساسی

عيراقى) ئيعلان ئەكرێت, ڕۆژێكى زۆر سئود و پڕ مەيمەنەتە. هەروەها لە وتارەكەدا هاتووە: ئەم قانونە كردوين بە ساحيب مەجليسى مەبعوسان و ئيعان, بە سەرەوە حوكمدارێكى ديموكراتى بێنەوە سەر ئەحواڵى خۆمان... ئێمە كە ميللەتى كورد لە ليواى سلێمانى, لەم قانونە ئەساسيە زۆر چاك ئيستفادەمان كردووە, ليسانمان, حقوقمان, بەشەئن و شەرەف و موحفوز موحتەرەمە ويسعەت و موساعەدەيەكى تەواوى بۆ ئێمە هەيە.

لەبەر ئەوەى دەقە وەرگێڕاوەكە كورديەكە پێش هەمواركردنەكانە و سەرەڕاى ئەمەيش نوسينەكەى سەرەتاو دێرێك لە كۆتايەكەى نەكراوە بە زمانى كوردى وە پاشتر سێ جار لە تەموزى ١٩٢٥ و لە ١٩٥٨ هەموار كرا بەڵام پاش شۆرشى ١٤ تەموزى ١٩٥٨ لە كار خرا.

وەرگێڕانى ئەم دەستورە بۆ زمانى كوردى لە ١٩٥٨/٢/١٦ بە ناوى (قانونى ئەساسى عێراقى) بايەخ و گرنگێكى زۆرى هەيە چ بۆ لايەنى زمان و ڕێزمانى كوردى لەلايەك وە بۆ ياسا ناسان لە لايەكى ترەوە، گەر ئەوسا توانرابا يەكەمين دەستورى عێراق بكرێت بە زمانى كوردى، كە ئەمە خۆى لەخۆىدا هێمايێكى پرشنگدارە. چونكە سەلمێنراوە كە زمانەكەمان بارتەقاى ئەم لايەنەشى كردۆتەوە، كە مرۆڤى كورد بە چاوێكى كەمتر لە زمانەكانى تر بڕوانێتە زمانەكەى خۆى، بەڵام ئەمرۆ لە كوردستانى فيدراڵىدا ئەم زەمينە لەبارەو دەتوانين گەر هەوڵ بدەين بە زمانى بەكارى بهێنين، چونكە مەليكى كوردستانى جنوبى شێخ محمودى نەمر لە ساڵى ١٩١٨ ئەوسا هەر شێخ محمود، پاش دوانزە



ڕۆژ لە حوكمڕانى دا زمانى كوردى كردە زمانى ڕەسمى حكومەتەكەى و تيايە سەركەوتووش بوو.

ئەم دەستورە وەرگێراوە هەڵەى چاپى تيايە، وەكو اعلام راستيەكەى اعدامە لە مادەى ٢٦ لە بڕگەى ٧.

لە هەندێ مادەدا جگە لە كورديەكەى، عەرەبيەكەشى لە تەكدا نووسيوە، تا خوێنەر باشتر لێى حاڵى بن وەكو مادەى ٢٨ يەكێك سێ خاڵى بۆ (ب و ج ) ەكان داناوەو كردونەيەتى بە (پ) و (چ) دەنا لە دەقەكەى كوردى دانيە.

ئەم دەستورە لە دەستورەكانى جاميدە چونكە بۆ هەمواركردنى پێويستى بە دوو مەرجى قورس و قەبە هەيە:

١. سێيەكى هەردوو ئەنجومەنى پيران و پەرلەمانى عێراق ڕەزامەندى لەسەر بدەن.

٢. لەماوەى پێنج ساڵدا نابێ هيچ هەموار كردنێكى بەسەردا بكرێ.

سياسەتمدارى ديموكراتخوازى عێراق، ڕێزدار (حوسين جەميل) لەبارەى ئەو دەستورە دەفەرمێ (گەرچى ئەم دەستورە لە كەم و كوڕى بەدەر نيە، بەڵام بەڵگەنامەيەكى بايەخدارە)[٩].

## فەرهەنگۆك

(١)

| ڕێنوس | | ڕێنوس | |
|---|---|---|---|
| بو | بۆ | اکر | ئەگەر |
| بۆ بجی هێنان | بۆ بەجێ هێنان | تواو | تەواو |
| وزارتدا | وەزارەتدا | اکا | ئەکا |
| رد اکریتەوە | ڕەت ئەکرێتەوە | بکری | بکرێ |
| شش | شەش | برایشی | بەر ئیشی |
| اوەی | ئەوەی | فروتن | فرۆتن |
| مانك | مانگ | دراجی | دەر ئەچێ |
| هیە | هەیە | هبو | هەبوو |
| کو بونەوە | کۆبوونەوە | اکری | ئەکرێ |
| ارزوی | ئارەزووی | در جوبی | دەر چوپێ |
| اتوانی | ئەتوانێ | بلام | بەڵام |
| بکن | بکەن | نیتیکی | نیەتێکی |
| ابی | ئەبێ | پیشودا | پێشودا |
| بقد | بە قەد | ورکتن | وەرگرتن |
| هتا | هەتا | هریکیکی | هەر یەکێکی |
| دست | دەست | نبری | ئەبرێ |
| بەکوی | بکوێ | بارانش | بارانەش |



| | | | |
|---|---|---|---|
| اگیری | ئەگێرێ | بی الین | پێ ئەڵێن |
| دژمنایتی | دوژمنایەتی | کم | کەم |
| بیجکە | بێجگە | جوی | جوێ |
| غیراز | غێرە ئەز | نداربی | نەدرابێ |
| اچنە | ئەچنە | ایشتا | هێشتا |
| ایانگوری | ئەیانگۆری | تی پر نکا | تێپەڕ نەکا |
| یکیکتر | یەکێکی تر | سی | سی |
| بیخوینیتوە | بخوێنەوە | امانش | ئەمانەش |
| کسانە | کەسانە | ایبینی | ئەیبینی |
| خواروە | خوارەوە | لەکل | لەگەڵ |
| تاز | تازە | گورە | گەورە |
| ریك خستن | ڕێك خستن | سەیم | سێیەم |
| ندری | نەدرێ | حوتم | حەوتەم |
| واو | و ئەو | هشتم | هەشتەم |
| نبون | نبون | نوهم | نۆهەم |
| ادری | ئەدرێ | دەهم | دەهەم |
| نکن | نەکەن | پنچم | پێنجەم |
| یکشیان | یەکە کیشیان | کون | کۆن |
| اویش | ئەویش | راوستی | راوەستێ |
| اوسا | ئەوسا | درگای | دەرگای |

| | | | |
|---|---|---|---|
| وردی بکاتوه | وردی بکاتەوە | بانکیان اکا | بانگیان ئەکا |
| سەیك | سێیەك | دعواکانیان | دەعواکانیان |
| وکو | وەکو | ام | ئەم |
| بەیکەوە | بەیەکەوە | مادە | مادەی |
| یکترین | یەکترین | وەی هیە | ئەوەی هەیە |
| تنیا | تەنیا | دامزران | دامەزران |
| وکو او | وەکو ئەو | بناو | بەناو |
| کرك | گەرەك | دیزی | دزی |

(٢)

| عەرەبی | کوردی | عەرەبی | کوردی |
|---|---|---|---|
| الغاء | هەڵی بگرێ | تعدیل | چاکی بکا |
| مکافأة | بەخشیش دان | غائب | گوم |
| سنین عدیدة | چەند ساڵێك | یصدر | دەرئەچێ |
| تنظیم | ڕێکخستن | عدو | دوشمن |
| سری | دزییەوە | یدعوهم | بانگیان ئەکا؟ |
| السلطة القضائیة | صلاحیت حکم | السلطة التشریعیة | قوەی تشریعیە |
| تعین | دامەزراندن | مسیحي | گاور |
| انعقاد | کرد بوونەوە | موسوی | جولەکە |



| | | | |
|---|---|---|---|
| النکاح | مارە | ینتخب | هەڵبژێرێ |
| نفقة | مارەیی | مدة شهر | مانگێکی عەلی تەواو |
| ینحون عن العمل | دەستیان لە ئیش کێشرێ | سکة | پارە لێدان |
| النظر | بینین | میزانیة | بووجە |
| استثمار | وەرگرتن | لا ینفذ | بەجێ ناهێنرێت |
| سابق | پێشوو | مراسیم افتتاح | رسم کشادی |
| تغیر– تبدیل | گۆڕین | تأخذ | ئەسێنرێ |
| ضریبة و رسم | خەرجو باج | علم | بیاغ– ئاڵا |
| تألیف جمعیات | مەجلیس گرتن | السلطة التشریعیة | حق دانان– قوانین |
| منطقة | جێگایەك | سیادة | گەورەیی (سیادەت) |
| عضو | کەس | باسم الملك غیر مسؤول | پرسیاری لەسەر نیە |
| ذکور | پیاو | تضرب العملة | سکە بەناو مەلیکەوە لێ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| | | | ئەدرێت |
| جميع انحاء المملكة | بەسەر هەموو دیار | مجنون | شێت |
| ابداء الراي | ووتنی ڕەئی خۆی | معتوه | خره فاو |
| المناهج | پرۆگرام | المساكن | قامتگاه یعنی نشمین |
| مدارس | مەكتەب | مصونة | پارێزراوە |
| مشروطية | نيابيه | مراعاة | چاودێری |
| دولة | حكومەتێكی | اجبار | زۆراكی |
| نفی | دورخستن | دخل | وێرگی |

**ئەمەش دەقی قانونی ئەساسی عێراقیەكە بە ڕێنووسی ئیمڕۆ نوسراوەتەوە.**

# قانونی ئەساسی عێراق

## موقەدیمە

### ماددەی ئەوەل

ئەم قانونە پێی دەڵێن قانونی ئەساسی عێراق، بەسەر هەموو دیاری عێراقدا حوکمی جاریە.

### ماددەی دووەم

عێراق، حکومەتێکی جۆرە، سەربەخۆیە، ساحیب حاکمیەتە، لە یەك جوێ نابێتەوە، و لەهیچ جوزئێکی واز ناهێنرێ. و حکومەتی عێراق، مەلیك نشینێکی بە ئەرسە، و شلکی مەشروتیەیە.

### ماددەی سێیەم

شاری (بەغدا) بە پایتەختی عێراق دەناسرێ، و ئەگەر مەجبوریەت حاسیل بوو، شارێکی تر بە پێی قانون بە پایتەخت ئیختبار ئەکرێ.

### ماددەی چوارەم

شکڵو ڕەنگو درێژی بیاغ (عەلەم عیراقی) هەر وەکو، لە خوارەوە نوسراوە، ئەبێ وابێ:



شکل بیاغ (عەلەمی عێراقی، ئەبێ، ڕەش‌و، سپی، و سەوز بێ؟، لازمەکەی پانی ئەم ڕەنگانە نیوەی درێژیەکی ببێ، و لەیەکتری درێژ ترو یا کورتر، پانترو یا تەکستر نەبێ، و ئەبێ ئەوەل ڕەنگ بیاغەکە کە لەسەرەوە ڕەش، پاشانیش سپی پاش ئەمەش سەوز بێ، و لەلای داری بیاغەکە (شوبە مونحەرفێکی ) سور بێ، و درێژی بن ( قاعیدەی) بچووکی گەورەی ئەم (شوبە مونحەریفە) بە قەدەر پانی ڕەنگە سپیەکەی ببێ، و بەرزی– ئیرتفاع – ئەم (شوبە مونحەریفە) چواریەك درێژی بیاغەکە ببێ، و لازمە لە ناوەڕاستی ئەم (شوبە مونحەریفە) دوو ئەستێرەی سپی ببێ‌و هەر ئەستێرەی لە حەوت زلع تەشکیل بکرێ.

ئەما وەزعیەتی ئم بیاغەو عەلامت‌و ئیشارەت‌و نیشان دەوڵەتی بە قانون تایبەتی تەعین دەکرێ.

# باب ئەوەل

## حقوق میللەت

### ماددەی پێنجەم

تەبەعیەی عێراقی بوون‌و یا لە تەبەعییەی عێراقی دەرچوون بە قانونێکی تایبەتی ئەبێ.

### ماددەی شەشەم

هەر چەند کە لەدین‌و لە قەومیەت‌و لە زمانیشیا جوێ بن، لە نەزەر قانوندا لە حقوقدا لە بەین ئەهالی عێراق عێراق هیچ فەرقێك نیە.

### ماددەی حەوتەم

سەربەستی شەخسی هەموو ئەهالی عێراق لە تەعروزو لە موداخەلە پارێزراوە، بە پێ قانون نەبێ کەسێك ناگیرێ و دوو جار جەزا ناکرێ، و تەوقیف ناکرێ، بۆ گۆرین ئیقامەتگاهی نەشیمن زۆری لێ ناکرێ، و ناخرێتە ژێر قەیدو ناهێنرێتەوە ژێر سیلاح و لەوڵات دورخستنی (نەفی)و یا ئەزیەت کردن بە جارێ مەمنوعە.

### ماددەی هەشتەم

ئیقامتگاه یعنی (نەشمین) لە تەعروز پارێزراوە، بێجگە لەو ئەحواڵەی کە قانون تەعینی کا، چونە ناوی‌و پشکنینی جائیز نیە.



### ماددەی دەیەم

حقوق ملکایەتی پارێزراوە: دانانی قەرزێکی زۆراکی‌و حیجز ماڵ‌و مولك، ئەشیاری مەمنوعە بە پێ قانون نەبێ زۆری لێ ناکرێ کە موراجعەتی مەحکەمەیەکی کە بکا.

### ماددەی دەیەم

حقوق ملکایەتی پارێزراوە: دانانی قەرزێکی زۆراکی‌و حیجز ماڵ‌و مولك. ئەشیای مەمنوعە بەپێ قانون نەبێ جائیز نیە، سوخرەو ئستملاك (ماڵ مەنقول) بە جارێ مەمنوعە. بەڵام بۆ مەنفەعەت عامە ملکێك لە ساحێبی بە قیمەتێکی عادیلانەو بەپێ ئەو شەرائتەی کە لەقانوندا بەیان ئەکرێ جائیزە بسێنرێ.

### ماددەی یانزدەهەم

بە پێ قانون نەبێ رسمێك (خەرج و یا وێرگی‌و) دانانرێ، دەبێ ئەو قانونیش بۆ هەموو کەس بێ.

### ماددەی دوانزەهەم

هەموو عێراقێك لە ووتن رەئی خۆی، و لەبڵاوکرانەوە بە نووسین، لە کۆبوونەوە، ولە مەجلیس گرتن (تألیف جمعیات)و لەداخیل بوونی مەجلیسدا، بە پێ قانون سەربەستە.

## ماددەی سێنزەهەم

دین ڕەسمی دەوڵەت، دینی ئیسلامە، بەشەرتێ کە، نەبێتە باعس تێکدان ئەمنیەتو نیزام، و ئاداب عمومی. بەهەموو کەس لە عێراقدا بەپێ عادەتی خۆی لە بەجێ هێنانی ئاینیدا سەربەستێکی تەواو بەخشراوە. و ئاینی هەموو کەس موحتەرەمە، وتەعروزی لێ ناکرێ.

## ماددەی چواردەهەم

هەموو عێراقیەك لەو ئەحوالو لەو ڕێگایە کە قانون تەعینی دەکات بۆ ئیشو مەسلەحەتی خۆی و یا مەسڵحەت هەموو (مەسلەحەت عمومیە) حەقی ئەوەی هەیە کە عەرزو حالو لای لائیحەی شکایەت بۆ (مەلیك)و بۆ مەجلیسی خەلق (ئومەت)و بۆ مقامات ساحێب سلاحیەت تقدیم بکا.

## ماددەی پازەهەم

بێجگە لەو ئەحواڵەدا قانون تەعینی دەکا، هەموو موخابراتێکی پۆستەو تەلەگرافو تەلەفۆنو مەکتوبە یەعنی (کەس حەقی ئەوەی نیە کە هینی یەکێکی تر بکاتەوەو بێخوێنێتەوە).

## ماددەی شانزدەهەم

هەموو تایفەیەك حەقی ئەوەی هەیە کە، بۆ فێرکردنی ئەفرادی خۆی بە زمانی خۆی مەکتەب دانێ. موحافەزەی زمانەکەی بکا بەشەرتێ کە موافیق ئەو، پرۆگرامی عمومیەی بێ کە قانون دای دەنێت.



## ماددەی حەڤدەهەم

عەرەبی، زمانی ڕسمیە، بێجگە لەو زمانە کە بەقانونێکی تایبەت بە ڕەسمی ئەناسرێ.

## ماددەی هەژدەهەم

هەموو عراقێك وەکو یەك لە حقوق ئیستفادە ئەکەن، و لەبەجێ هێنانی وەزیفەیانە یەکن. بێ فەرقو تەمیز بەپێ ئیقداریان مەئموریەتیان پێ ئەدرێ.

و بێجگە لەو ئەجنبیانە کە بەپێ موعاهدە یا مقاولە ئیستخدامیان لازمە (و یا جائیزە) لە عێراقی زیاتر هیچ کەس ئیستخدام ناکرێ. بەڵام لەبەعز ئەحوال (ئیستئناسیەدا لەگەڵ ئەم ئیستئناسیەش بە قانونێکی تایبەتی تەعین ئەکرێ) ئیستخدامی کەسێ کە عێراقی نەبێ جائیز نیە.

# باب دووەم

## ( مەليك ) حقوق

### ماددەی نۆزدەهەم

گەورەی (سیادەتی) مەملەکەتی عێراق دەستوری هینی میللەتە، و بەمەليك (فەیسەل کوری حوسین) و لە پاش خۆی بۆ ورەسەی لە تەرفی میللەتەوە بە ئەمانت دراوە.

### ماددەی بستەم

بە پێی قانونی ئەحکامی ویراسەت وەلی عەهدی، ئەدرێ بەهەرە گەورەتر ئەولادی (مەليك ) بە عومر. لەسەر خەتێکی ڕاست

### ماددەی بیستو یەکەم

مەليك کە چووە سەر تەخت، لە حزوری مەجلیس ئەعیانو مەبعوساندا، کەلەژێر ریاسەتی مەجلیسی ئەعیان گرد ئەبێ، بۆ موحافەزەی حوکمی قانونی ئەساسی و بۆ ئیسقلالی مەملکەتو بۆ سەداقەتی وڵات ئومەت سوێند ئەخوا.

### ماددەی بیستو دووەم

سن روشد (سیرەی عەقلی) بۆ مەليك، تەواو کردنی هەژدە ساڵە، ئەگەر مولوکیەت ئینتقال بکاتە سەریەکی کە عومری لەمە کەمتر بێ حقوقی (مەلەکی) (وەسی)ێك بەجێ دەهێنێت کە مەلیکی پێشوو



تەعینی کردو بێت. ئەمەش تا ئەو وەختە کە مەليك دەگاتە سن روشد. بەڵام ئەو وەسیە، نابێ موقتەزایاتی ئەم وسایەتە ئیجرا بکات هەتا (مەجلیس ئومەت) تەسدیقی مەئموریەتی نەکات.

ئەگەر مەلیکی پێشوو وەسی تەعین نەکردبێ یا تەعینی کرد بێو مەجلیس ئومەت تەسدیقی وسایەتی ئەم نەکا، مەجلیس: وەسییەك تەعین بکات.

ئەو وەسیەش ئەبێ لە حزور مەجلیسدا ئەو سوێندەی کە لە پێشتا ووترا بوو بخوا. و هەتا وەسی نەسب دەکرێ، و سوێند ئەدرێ حقوقی مەليك مەشروتی– دەستوری– عائید بە مەجلیس وزەرایە.

ئەم مەجلیسە بەناو ئومەتی عێراقیە ئیفای حقوق ئەکا، و لەئیفا کردنیش مەسئولە، لە ئەسنای مودەتو سایەت جائیز نیە کە هیچ تەعتدیلاتێك کە عائیدە بە حقوقی (مەليك)و ویراسەتی بخرێتە قانونی ئەساسییەوە.

### ماددەی بیستو سێیەم

وەختێ کە بۆ دانانی وەسی ئیحتیاج رویدا، مەجلیس ئومەت دەرحال بۆ کۆبونەوە بانگ ئەکرێت، ئەگەر مەجلیسی مەبعوسان لەو وەختەدا بڵاو بووبێ، و ئینتخاب تازەش تەواو بووبێ، بۆ ئەم مەقسەدە، مەجلیسی پێشوو کۆ ئەکرێتەوە.

### ماددەی بیستو چوارەم

مەليك، ناتوانێ بەبێ رەزای مەجلیسی خەلق لە خاریج عێراقدا بچێتە سەر عەرشێك (تەختێك).

## ماددەی بیست و پێنجەم

مەلیك مەسونه (پارێزراوه)و غیر مەسئوله (پرسیاری لەسەر نیه).

## ماددەی بیست و شەشەم

١. مەلیك هەره گەوره تری روئەسای دەوڵەته، خۆی قەوانین تەسدیق ئەکا، خۆی ئەمر ئەکا بۆ بڵاوکردنەوەی و چاودێری و بەجێ هێنانی قەوانین. بە ئەمری ئەو بۆ ئیجرای ئەحکام قەوانین– بەو تەرحەی کە تیا تەسریح کراوه– نیزام دادەنرێ.

٢. بۆ ئیجرای ئینتخاباتی عمومیه. و بۆ ئۆ ئینتخاباتی مەجلیسی مەبعوسان، وبۆ کۆبونەوەو پاش خستنی بۆ وەقتێکی کە. و بۆ بڵاوکردنی مەجلیسی ئومەت.و کردنەوەی بەپێ ئەحکامی ئەم قانون، مەلیك: خۆی ئەمر ئەکا. حەقی بڵاوکردنەوەی مەجلیسی مەبعوسانیش هی خۆیەتی.

٣. لەوەخت تەعتیلیی مەجلیسدا کە زەروریەت ڕوویدا، بۆ بەجێ هێنانی ئیشێکی تالوکه کە لازم بێ و بۆ پاراستنی نیزامو ئەمنیەتی عمومیەو یا بۆ دەفع خەتەرێك عمومیو یا بۆسەرف مەبلەغێك کە سەرف کردنی موستەعجەل بێو ئیزن سەرفی له بودجەدا ئەبێ و یا بۆ قانونێکی تایبەتیو یا بۆ بەجێ هێنانی شەرتی موعاهەده، مەلیك ئەتوانێ بەرەزای هەیئەت وەزرا ئیراده بکا. ئەم ئیرادەیەش قوەتی قانونی دەبێت، و ئەو حوکمەش دەبێت کە بەپێ ئەحوال ئیتخازی تەدابیری لازمەی پێ بکرێت. بەشەرتێ کە موخالەف. ئەم قانونه ئەساسیه نەبێت، لازمیشه له ئەوەل ئیجتماعدا بەتەواوی عەرزی



مەجلیس ئومەت بکرێت (بێجگە لەوانەی کە لەوەخت خۆیدا بۆ بەجێ هێنانی ئیجابی موعاهدات سادیر بووه، و لەتەرەفی مەجلیسی ئومەتو مەجلیسی تەئسیسیەوە تەسدیق کراوه) ئەگەر مەجلیس ئومەت تەسدیقی ئەم ئیراده نەکا لەسەر حکومەت لازمه ئیعلان بکا کە حوکمیان تەواو بوه،و لەتەریخ ئەو ئیعلانه ئیعتباریش بە له غویان بکا. ئەبێ هەموو وەزیرێك له ئیمزای ئەم ئیرادەیە بکات. ئەگەر ئیرادەیەك بەبێ حوکمی ئەم ماددەیە سادیر بوبێ پێ دەڵێن (قانون ) بە شەرتێ کە لەناو ئیرادەکە شتێکی وای تیا نەبێ پێچەوانەی ئەم دایە بێ.

٤. مەلیك ئەتوانێ موعاهده بکات. بەڵام ناتوانێ تەسدیقی بکات هەتا مەجلیسی ئومەت موفەقەت نەکات.

٥. ڕەئیس وەزرا مەلیك تەعینی ئەکا پاش ئەمەش وەزیرەکان تەعین دەکریو عەزلیش دەکرێن.

٦. مەلیك ئەعزای مەجلیسی ئەعیان دەکات: ئیستعفا کردنی ئەم ئەعزایە بە قبولچ مەلیك دەبێت.

٧. نەسب و عەزلی موئمرینی سیاسه و ملکیەو هەموو حوکامو قازێیك بە ئیرادەی ملوکیەیە، روتبەی عەسکەریە، مەلیك، لەسەر تەلەبی وەزیری مەسئولی بەخش دەکات ئەگەر ئەم سەلاحیەتە بە قانونێکی تایبەتی بە مقامێکی تر نەدرابێت، بۆ مەلیك ئەو حەقە هەیە کە ئەلقابو نیشانو عەلامەتی شەرەف، بەخش بکات.

٨. مەلیك قوماندانی هەرە گەورە تری هەموو قواتەکانی سیلاحی بەدەستە. ئەتوانێ بە موافقەت مەجلیسی ئومەت ئیعلانی حەرب بکا، و حەقی ئەوەی هەیە سوڵح بکا. بەڵام هەتا مەجلیسی ئومەت موافقه نەکا

ناتوانێ بە تەواوی تەسدیقی موعاهەدەی سوڵح بکات. و ئەتوانێ بە پێی ماددەی (١٢٠) ئیرادەی عورفی‌یە ئیعلان بکا.

٩. سکە بەناو مەلیکەوە لێ ئەدرێت.

١٠. حوکم ئیعدام بە جێ ناهێنرێت تا تەسدیقی مەلیکی لەسەر ئەبێ، مەلیك ئەتوانێ جزا کەم بکاتەوەو زیادی بکا. و یا بەعفوێکی تایبەتی هەڵی گرێ. و ئەتوانێ بە موافقەتی مەجلیسی ئومەت عەفوی عمومیش ئیعلان بکات.



# باب سێیەم

## قوەتی تەشریعیە

### ماددەی بیست‌و حەوتەم

مەلیك، حوکم خۆی بە واسیتەی ئیرادەکانیەوە بەجێ ئەهێنێ. ئەم ئیرادە لەسەر تەلەب وەزیر یا وەزیرەکان کە مەسئولن‌و موافقەتی ڕەئیسی وەزرا دەر ئەچێ‌و بەڵام ئەبێ هەموو وەزیرەکان ئیمزای بکەن.

### ماددەی بیست‌و هەشتەم

حەقی دانانی قەوانین هی مەلیك‌و مەجلیسی ئومەتە. ئەم مەجلیسەش لە مەجلیسی ئەعیان‌و مەبعوسان دێتە وجود، مەجلیسی ئومەت‌و مەلیك (سوڵتەی تەشریعیە) بە شەرتی ریعایەتی ئەحکامی ئەم قانونە ئەتوانێ قانون دانێ. چاکی بکا (تەعدیل)و هەڵی بگرێ (لە غوی بکا).

### ماددەی بیست‌و نۆیەم

مەلیك خۆی مەجلیس ئومەت ئەکاتەوە، یاخود بۆ کردنەوەی ئەم مەجلیسەو بۆ رەسم کشادی‌و بۆ خوێندن نوتق مەلەکی، ڕەئیس وەزرا یا یەکێ لە وەزیرەکان وەکیل ئەکا.

### ماددەی سىيەم

ئەمانە لە مەجلیسی ئەعیان‌و لە مەجلیسی مەبعوساندا ئەعزا نابن:

١. ئەوەی کە تەبەعییەی عراقییەی نیە.

٢. ئەوەی کە بۆ خۆی دەڵێ تەبەعییەی ئەجنەبی یە.

٣. ئەوەی کە عومری لە سی (٣٠) ساڵ کەمترە بۆ مەجلیسی مەبعوسان، و ئەوەی کە عومری لە چل ساڵ کەمترە بۆ مەجلیسی ئەعیان.

٤. ئەوەی کە بە ئیفلاس مەحکوم کراوەو بە قانون دووبارە ئیعادەی ئیعتباری نەکردو بێ.

٥. ئەوەی کە مەحجورە لە حەجز نەجاتی نەبوبێ.

٦. ئەوەی لە حقوقی مەدەنیە بێ بەش کراوە.

٧. ئەوەی کە بۆ جورمێکی غیر سیاسی بە ساڵێکی تەواو یا زیاتر بە حەبس مەحکوم کرابێ. ئەوەی کە لەبەر دزی، بەرتیل خواردن، خیانەت کردن بە ئەمانەت‌و مزەوەری یا حیلە بازی‌و بێجگە لەمانە بەو جورمانە کە تەواوی شەرەف حەیسیەت ئەشکێنێ. مەحکوم بوبێ بە حەبس.

٨. ئەوەی کە ڕاستەخۆ یا بە واسیتەیێك مقاوەلەی کردبێ لەگەڵ یەکێ لە دەوائیری حکومەتی عێراقیەداو ئەو مقاولە بەو مەنفەعەتەی چەنگ بکەوێ نابێ ببێ بە ئەعزا لەم مەجلیسانەدا. بەڵام ئەگەر مەنفەعەتەی لە شەریکەتێکدا جەنگ بە کوێ کە ئەو شەراکەتە کەلە بیست‌و پێنج کەس زیاتر بێ بە ئەعزا قبوڵ ئەکرێ.

٩. ئەوەی کە شێت یا خرەفاو بێ.

١٠. ئەوەی کە خزمی مەلیك بێ کە دەرەجەی ئەم خزمایەتیە بە قانونێکی مەخسوس تەعیین ئەکرێ.

١١. شەخسێك ناتوانێ بە جارێ ببێ بە ئەعزای هەردوو مەجلیس.



## ماددەی سی‌و یەکەم

ئەعزای مەجلیسی ئەعیان نابێ لە بیست کەس زیاتر بێ. ئەمانەش (لە ئەوانەی کە بە ئەعمالیان ئیعتمادی خەلقیان پەیدا کردوەو لەوانەی کە رابووردا خزمەتێکی گەورەیان بۆ وڵات‌و دەوڵەت کردبێ مەلیك تەعینیان ئەکا.

## ماددەی سی‌و دووەم

مودەتی ئەعزایەتی لە مەجلیسی ئەعیاندا هەشت ساڵ دەوام ئەکا لە زەرف هەر چوار ساڵدا نیوەیان ئەگۆڕێ. دووبارە تەعین کردنی ئەو نیوەیە کە گۆڕاوە جائیزە. هەڵبژاردن بۆ گۆڕینی نیوەی ئەوەل بە قورعەیە.

## ماددەی سی‌و سێیەم

رەئیس‌و نائیب (وەکیل) ڕەئیسی ئەم مەجلیسە بە تەسدیقی مەلیك لە تەرەف ئەعزای مەجلیس دا بۆ مودەت ساڵێك لە ئەعزاکانیا هەڵئەبژێرێ‌و دووبارە هەڵبژاردنیشیان جائیزە.

## ماددەی سی‌و چوارەم

کە مەجلیسی مەبعوسان کۆبوەوە، مەجلیسی ئەعیانیش کۆ ئەبێتەوە، کە مەجلیس مەبعوسان بڵاو بوەوە ئەعیانیش بڵاو ئەبێتەوە.

## ماددەی سی‌و پێنجەم

بە هەر ئەعزایێکی مەجلیسی ئەعیان لە زەرف ساڵێکدا بێجگە خرجراە بە قەرابی (٥٠٠٠) روپیە ئەدرێ.

وغیر ئەز مودەت ئیجتماع بۆ هەموو مانگێ کە ئیجتماع رادەبورێ (١٢٥٠) روپیەی ئەدرێ.

## ماددەی سی‌و شەشەم

مەجلیسی مەبعوسان بە ئینتخاب تەشکیل ئەکرێ، بە نسبەتی وا کە هەر مەبعوسێك لە تەرەف بیست هەزار (پیاو) انتخاب بکرێ.

## ماددەی سی‌و حەوتەم

ئسول ئینتخاب مەبعوسان بە قانونێکی تایبەتی تەعین ئەکرێ. لەم قانونەشدا ریعایەت ئسول رەئی دان بە دزی‌و مەبعوس دەرهێنان ئەو جەماعەتە کەمانەی کە ئیسلام نین ئەکرێ.

## ماددەی سی‌و هەشتەم

دەورەیەکی مەجلیسی مەبعوسان بە قاعیدە عیبارەتە لە چوار جار کۆبوونەوە، ئنتخاب دا دێت، دەست پێ‌ی ئەکا و ئەگەر ئەو رۆژە تەسادف رۆژی تەعتیلی رەسمی کرد، ئەوە وەختە پاش ئەو رۆژە مەجلیس دەکرێتەوە.

ئەمەش بەو شەرتە کە ریعایەت بکرێ بە فەقەرەی دووەم لە ماددەی بیست‌و شەشەم کە عائیدە بە بڵاو کردنەوەی مەجلیسە.

## ماددەی سی‌و نۆیەم

مەلیك، هەموو ساڵێك کە ئەوەل رۆژی تشرینی سانی لە بەغدا دا بۆ کۆبوونەوەی عادەتی مەجلیسی مەبعوسان دەعوەت ئەکا، لەگەڵ



ئەمەش ئەبێ ریعایەت ئەحکامی ماددەی (٣٨) ئەم قانونە بکرێ. وە ئەگەر مەلیك، مەجلیسی مەبعوسانی دەعوەت نەکرد مەجلیسەکە بڵاونەکاتەوە لەو رۆژەوە کە کۆ ئەبێتەوە تا چوار مانگ دەوام ئەکا.

و مەلیك بۆ تەواوکردنی بەعزێ ئیشی بە پەلە ئەتوانێ مودەت دەوام زیاد بکا بە شەرتێ کە مودەتی کۆبوونەوە شەش مانگ تێ نەپەڕێ، مەجلیس، ئەتوانێ بە پێ‌ی نیزام داخیلی خۆی جەلسەکانی تەئخیر بکا. بە شەرتێ کە لە کۆبونەوەیەك لە سێ جار تێ نەپەرێ و ئەبێ تەئخیرانەش لە دوو مانگ زیاتر نەبێ، لە حیساب کردنی مودەتی کۆبونەوە ئەو مودەتە کە ئەسنای تەئخیراتدا رادەبوورێ حیساب ناکرێ.

## ماددەی چلەم

ئەگەر مەجلیس بڵاو کرایەوە ئەبێ سەر لە نوێ دەست بکرێ بە هەڵبژاردن. و مەجلیسی تازە بۆ کوبەندەوەیەکی فەوق ئەلعادە دەبێ لە زەرف چوار مانگدا بانگ بکرێ. ئەم ئیجتماعە ئەبێ تابیع بێ بە ئەحکامی ماددەی سی‌و نۆ (٣٩) کە عائدە بە تاخیری مەجلیس‌و زیاد کردنی مودەتی دەوامیەت.

بەڵام لازمە ئەو بڵاو بونەوەی فەوق ئەلعادە لەسی‌و یەك تشرینی ئەوەلدا تەواو بکرێ تا کۆبونەوەی ها کەزایی ئەوەل ئەو دەورەیە لە ئەوەل تشرینی ساڵیدا دەست پێ بکا. ئەگەر کۆبوونەوەی فەوق ئەلعادە لە مانگی تشرینی ساڵی یا کانونی ئەوەلدا تەسادف بکا ئەمە ئیعتبار ئەکرێ ئەوەل کۆبوونەوەی هاکەزایی بۆ ئەم دەورەیە. و ئەگەر

مەجلیسی مەبعوسان لەبەر ئیشی بلاّوکرا دووبارە لەبەر ئەویشە نابیّ مەجلیسی تازەش بلاّو بکریّ.

## ماددەی چل و یەکەم

جا ئیزەکە مەبعوسیّکی کۆن دووبارە هەلّبژیّریّ.

## ماددەی چل و دوو

هەر شەخس کە عومری سیّ سالّی تەواو کردبیّ یەکیّ لەو مانیعانەی کە لەمادەی (٣٠) دا بەیان کراوە نەبیّ هەلّئەبژیّریّ بۆ ئەعزایەتی مەجلیسی مەبعوسان بە شەرتیّ کە هەر مەبعوسیّ جیّگایەك (منطقة) بیّ ئەگەر شەخسیّك لە دوو جیّگاوە هەلّئەبژیّرا بە ئەو مەبعوسە ئەتوانیّ لەو وەختەدا کە خەبەری زانی هەتا هەشت رۆژ کەیفی خۆی مەبعوسیەتیّکی لەم جیّگانە قبول بکا. ئەم مەئمورانەش کە هەلّبژیّردران بە مەبعوسی ئەبیّ لە زەرف ئەم هەشت رۆژەدا یا مەبعوسیەتیەکەی قبولّ بکا یا نەیکا. کە کردی ئەبیّ ئیستعفا لە مەئموریەتەکەی بکا بەلاّم وەزیرەکان لە هەلّبژیّران بە مەبعوسی ئومەیان لەسەر نیە.

## ماددەی چل و سیّیەم

ئەو خسوسانەی کە عائیدە بە سیفاتی لازیمە بۆ هەلّبژاردنی مەبعوسان و هەر تەعنەیەك ئەدریّ لە هەلّبژاردنی ئەعزاو خسوساتی موعولات و ئیستعفا، مەجلیس حەل و فەسلّی ئەکا.



## ماددەی چل و چوارەم

مەجلیس مەبعوسان هەموو سالّی لە جەلسەی ئەوەلدا رەئیسیّك و دوو نائیب (وەکیل ) رەئیس ئینتخاب و بۆ تەسدیقی عەرزی مەلیکی ئەکا لەوەقتی حاجاتدا یەکیّ لەو نائیبانە وەکالەتی ڕەئیس ئەکا.

## ماددەی چل و پیّنجەم

هەموو ئەعزایێك لە مەجلیسی مەبعوسان ئەتوانیّ تەریب لائیحەیەکی قانونی بە شەرتیّ کە عائید نەبیّ بە ئەمور مالیە کە لەپاشا باس دیّت تەکلیف بکاو ئەبیّ لە تەکلیفەدا دە (١٠) ئەعزا لە رەفیقەکانی لەگەلّیان بن.

ئەگەر مجلیس ئەم تەکلیفەی قبول کرد دەبیّ بۆ دانانی لائحەی قانونی ئەم تەکلیفە حەوالّەی مەجلیس وزەرا بکاو هەر تەکلیفیّ کە مەجسی رەدی کردووە نابیّ دووبارە لە عەین ئیجتماعدا تیکرار بکریّتەوە.

## ماددەی چل و شەشەم

هەر ئەعزاییّ ئەتوانیّ ئیستعفا بکا بە شەرتیّ ئیستعفایەکەی بە نووسین تەقدیمی ڕەئیسی بکا. هەتا مەجلیس قبولّی نەکا ئەستعفایەکەی بەم ناهیّنریّ.

## ماددەی چل و حەوتەم

ئەگەر لەبەر وەفاتو یا ئیتسعفا یا گوم بوونی مەبعوسێکو یانە بوونی سیفاتی لازیمە لە مەبعوسێکدا، مەجلیسی مەبعوساندا بێتە زهور ئەبێ بە ئەمر ڕەئیس دەست بکرێ بە هەڵبژاردنی تازە بۆ ئەو مەبعوسە.

## ماددەی چلو هەشتەم

هەر ئەعزایێ لە مەجلیسی مەبعوساندا هەر مەبعوسی ئەو جێگایە نیە کە لێ هەڵبژێرێ بەڵکو مەبعوسی هەموو وڵاتی عێراق ئیعتبار ئەکرێ.

## ماددەی چلو نۆیەم

ئەعزایێك کە بەبێ ئیزنو یا بێ عوزر شەرعی مانگێکی عەلا ئەلتەوارە لە مەجلیسی گوم بێ بە شەرتو ریعایەتی ئەحکامی ماددەی (٤٦) بە مستعفا ئیعتبار ئەکرێ.

## ماددەی پەنجایەمین

بۆ هەر کۆبوونەوەیەك بێجگە لە خر جراه بە هەر مەبعوسێ بە قەرابی چوار هەزار روپیە تەخسیسات ئەدرێ. و ئەگەر مودەی کۆبوونەوەکە لە چوار مانگ زیاتر بوو هەر مانگێ کە لەم مودەتە زیادەیە هەزار روپیە ئەدرێ.

## ماددەی پەنجاو یەکەم

ئەعیانو مەبعوسان لە پێش دەست کردن بە ئیشیان هەر یەکێ لە حزور مەجلیسی خۆیدا ئەبێ سوێند بخوا بۆ سداقەت مەلیك و بۆ



موحافەزەتی قانونی ئەساسی و بۆ خزمەتی وڵاتو ئومەت بۆ باش بەجێ هێنانی وەزیفەی مەبعوسیەتی.

## ماددەی پەنجا دووهەم

گەرەك لە مەجلیسی ئەعیانو گەرەك لە مەجلیسی مەبعوسان، هەر رۆژێ مەوجودی مەجلیس ئەقەلەن لە نێوەی مەجلیس عومومی یەکێ تێنەپەڕێ دەست بە ئیش ناکرێ.

## ماددەی پەنجاو سێ

هەتا قانون خیلافی ئەمر نەکا، هەموو قەرارێك بەئەکسەریەت ڕەئی ئەو ئەعزایانە دەر ئەچێ کەلەمەجلیس دا حازر ئەبێ و ئەگەر ڕەئی مساوی بوو یەعنی : رەئی هەردوو تەرەف یەك بوو، ئەو سا ڕەئی، رەئیس تەرجیح ئەکرێ (یەعنی : رەئیس لەگەڵ کام تەرفدا بێ، قەرارەکە بە رەئی ئەو تەرەفە دەر ئەچێ).

هەتا نیوەی ئەعزاکان کۆ نەبێتەوەو هەمو ئەعزایێك رەئی خۆی نەڵێ ئەکسریەت حاسیل نابێ ئسول رەئی دان ئەعزا لە نیزام داخیلی مەجلیس دا تەعین ئەکرێ.

هەموو ئەعزایێ لە ئەعزای مەجلیسی ئۆمەت مەجلیسی ئەعیان و مەبعوسان بەپێ ئەو ئسولەکە لە نیزامی داخیلی دا تەعین ئەکرێ، ئەتوانێ لە وەزیرەکان ئیستیزاحی مەسەلەیەك بکا و یا سوئالێك بپرسێ. و ئەگەر ئەو سوئالە بەپەلە نەبوو یا وەزیرەکا خۆی قبوڵی نەکا هەتا هەشت ڕۆژ ڕۆژ تێ نەپەڕێ بەحس و موزاکەرەی لێ ناکرێتەوە.

## ماددەی پەنجاو پێنجەم

مەجلیس، ئەوەل جار (مادە، مادە) بەجۆی قەراربە قبول لائیحەی قانونی ئەدا، پاشانیش بە جارێك قەرار بە قبولْ هەموو لائیحەكە ئەدا.

## ماددەی پەنجاو شەش

هەموو قوەتی مسلەحەیێك، لەسەر تەڵەب ڕەئیسی نەبێ ناتوانێ داخیلی مەجلیس بێ و یا لە جێگانێك ڕاوەستێ كە نزیك دەرگای مەجلیسەكە بێ.

## ماددەی پەنجاو حەوتەم

هەموو ئیجتماعێك هەردوو مەجلیس ئەبێ بە ئاشكرایی بێ بەڵام لە بەعزە ئەحواڵدا ئەگەر وەزیرێك و یا چوار ئەعزا لە ئەعزای مەجلیسی مەبعوسان ویستیان مەجلیسەكە بە دزیەوە ئەگیرێ.

## ماددەی پەنجاو هەشت

بێجگە لە ئەعزی مەجلیس و لەوزرا و یا لەگەورەی مەئمورن كە لەتەڕەف وەزیری ویا ئەعزایێ بەوەكلەت ئەچنەوە مەجلیسەوە بێجگە لەو كەسانە كە مەجلیس بانگیان ئەكا جائیز نیە هیچ كەس لە مەجلیس دا قسەبكا و بچێتە مەجلیسەوە.



## ماددەی پەنجاو نۆهەم

مەجلیس ئەعین و مەبعوسان، ئەتوانن عائیدەی بەو مەسئەلاتە كە لەخورەوە بەیان ئەكرێ نیزامنامە و تەعلیماتنامە دەربهێنن:

ئسول بەجێ هێنان و موحافەزەی ئەو سەلاحیەتە و ئیمتیازەو زەمانە كە بەپێی ئەم قانونە بەمەجلیس دراوە.

بۆ ڕێكخستن موعاملات و كاری داخیلی هەردوو مەجلیس بەپێ ئەوە كەلەیەك جوێ بن و پێكەوە بن.

## ماددەی شەستەم

كەس لەئەعزای مەجلیس ئومەت هەتا بەئەكسریەت ئەعزای مەجلیسەكەی حەقیا قەرارێكی بەدەلیل نەدرێ و یا ئەسنای و یا نەختێ لەپاش ئەو جینایەتی مەشهودەی كردویەتی نەگیرێ لە زەمان كۆبونەوەدا حەبس و موحاكەمە ناكرێ و هەموو ئەعزایێك لە داخیل حدود نیزامی مەجلیسەكەی ئەتونێ بەحوریەتی تەواو قسەبكا لەمەجلیس دا لەبەر ڕەئی كۆكردنەوەو ڕەئی دان و نەتق ووتن دا، هیچ ئەعزایێك موحاكەمە نكرێ و ئەگەر لەوەخت تەعتیل مەجلیسدا مەبعوسێ حەبس كرا ئەبێ حكومەت كە مەجلیس كۆ بۆووە وە خەبرو تەفسیلات ئەمە بەمەجلیسبدا.

## ماددەی شەست و یەك

ئەو وەزیرەی كە لەمەجلیس مەبعوسان و لە مەجلیسی ئەعیاندا ئەعزابێ لە مەجلیسەكەی خۆی حەقی ڕەئی كۆكردنەوەی لە هەردوو مەجلیسەكەدا حەقی قسەی هەیە بەڵام ئەو وەزیرنە كەلە هیچ

مەجلیسێکدا ئەعزانین لە هەردوو مەجلیسەکەدا هەر حەقی قسەیان هەیە حەقی ڕەئی کۆکردنەوەیان نیە و ئەو وەزیرنە لە مەجلیسێکدا ئەعزان، لەهەردوو مەجلیسەکەدا بە قسەکردن حەقی تەقدیمیان هەیە ئەگەر خۆشین حازر نەبوون ئەم حەقە بەوەکیلەکەیان ئەدرێ.

## ماددەی شەست و دووەم

١. ئەبێ هەموو لائیحەیەکی قانونی تەقدیمی یەکێ لە مەجلیسەکان بکرێ. ئەگەر ئەم مەجلیسە قبوڵی کرد، ئەو وەختە تدقیم ئەوی دیکەشیان ئەکرێ. ئەگەر هەردوو مەجلیسەکە موافەقەتی لەسەر نەکەن و (مەلیك) یش تەسدیقی نکا نابێ بەقنون.

هەردوو مەجلیس قەرار بۆ لائیحانە ئەدەن کە حکومەت تەقدیمیان ئەکا. لە پاش ئەویش تەقدیمی (مەلیك) ئەکرێ (مەلیك) ی تەسدیقیان ئەکاو یا لەزەرفی (٣) مانگا ئەیانگرێتیەوەو ئەسباب گێڕانەوەیان بەیان ئەك. ئەگەر مەجلیسێك قەراری دا کە لائیحەکە بەپەلەیە ئەبێ (مەلیك) لەزەرف پانزە ڕۆژ بیگرێتەوە ئەوسا ئەبێ مەجلیس جارێکی تر چوی پیا بگیرێ. ئەگەر هەردوو مەجلیسەکە لئیحەکەیان ڕەتکردەوە لە زەرف ئەو کۆبونەوەدا جارێکی تر بۆ موزاکەرەی ئەو مادانە کە ئیختلفی تیا بووە تەقدیمی هیچ مەجلسێك ناکرێ.

## ماددەی شەست و سێیەم

ئەگەر ئیلاحیەك دووجار تەقدیم بە مەجلیسێك بکرێ رەدی بکتەوە مەجلیسەکەی تر ئەمر بەقبوڵ کردنی بکا، ئەوسا، لە ژێر ریاسەت



مەجلیسی ئەعیان لە هەردوو ئەعزای مەجلیس مەجلیسێك موشترك تەشکیل ئەکرێ و ئەگەر ئەو لائیحەیە بە ئەکسەریەت ڕەئی دوو سولس (سێیەك) ئەم مەجلیسە موشتەرەکە قبوڵ کرا ( ئەگەر ل ئیحەکە تەعدیل بکرێ و یان نەکرێ ) وەکو هەردوو مەجلیسەکە قبوڵ کرابێ وا ئیعتبر ئەکرێ.

بەڵام هەتا (مەلیك) قبوڵی نەکا سیفەتی قانونی نابێ، و ئەگەر لئیحەکە بەم ئسولە قبوڵ نەکرێ جائیز نیە جارێکی تر تەقدیمی هیچ مەجلیسێکیان بکرێتەوە.

## باب چوارەم
## وەزیرەکان

### ماددەی شەست و چوار

عەدەدی وزەرا لە (٩) زیاترو لەشەش کەمتر نەبێ. و ئەو کەسە کەسیفەتێکی لەو سیفەتانە نەبێ کە لە ماددەی (٣٠) دا بەیان کرابوو نابێ بە وەزیر.

ئەوە وەزیر لە هیچ مەجلیسێکدا ئەعزا نەبەبێ لە (شەش مانگ) زیتر لەوەزارەتدا نامینێ بەلاّم، لە زەرف ئەم مودەتەدا ئەگەر بۆ مەجلیسی ئەعییان تەعین بکرێ یان بۆ مەجلیس مەبعوسان هەڵبژێرێ، جائیزەکە، لە ساڵێك زیتر لە وەزارەتدا بمێنێ، و ئەو وەزیرەش کە معاشی وەزارەتی هەیە، نابێ لە هیچ مەجلیسێکدا لە عەینی وەختدا موخسساتی ئەعزایەتی وەربگرێ.

بۆ هیچ وەزیرێك جائیز نیە کە لە میلاکی دەوڵەت شتێك بکرێ و ی بە (کرێ) بگرێ.

### ماددەی شەست و پێنج

ئیش و کاری دەوڵەت عاید مەجلیسی وزرایە کەلە ژێر ریاسەتی رەئیس وەزرا گردەبێتەوە.

ئەم مەجلیسەش، قەرر دەدەن بۆ ئەو نیشانەی کە بە تاقە وەزیرێ ناکرێ. و باس لەو نیشانە دەکەین کە عائید بە دەوائیری وزەرا ببێ.



رەئیس وەزراش ئەو نیشانەی کە مەجلیس داوای ئەکا بۆ وەرگرتنی ئەمرین تەقدیمی (مەلیکی) ئەکا.

### ماددەی شەست و شەش

وزەرای دەوڵەت لە خسوسی مەسئولیەت ئەو ئیشانە کە بەیەکەوە دەیبینین لە حزور مەجلیسی مەبعوساندا, کەفیلی یەکترین, و هەر وەزیرێك بەتەنیا مەسئولی ئەو ئیشانەیە کە عایدە بە دەوائیر و وەزارەتی خۆیەتی.

ئەگەر مەجلیسی مەبعوسن بە ئەکسەریەتی ئەعزاکانی دەرحەقی هەیئەتی وزەرا یان وەزیرێك قەرار (عدم ئیعتماد) بدا ئەبێ وزەرا یان ئەو وەزیرە ئیستعفا بکەن.

وە ئەگەر رئیس وزرا و یا ئەو وەزیرە دوای دواخستنی رەئی دنی عدم ئیعتماد بك.

ئەم ڕەئی دانە نیهیەتی هەتا هەشت ڕۆژ تەئخیر دەکرێ مەجلیس لەو مودەتەدا تێك نادرێ.

### ماددەی شەست و حەوت

هەر وەزیرێك بەپێی ئەو ئسولەی کە قانون باسی ئەکا لە وەزارەتی خۆیدا و لەو دەوائیرە کە عائیدە بە وەزارەتی خۆیەتی ئەتوانێ هەموو شتێك بکا.

# باب پێنجەم
# سەلاحیەت حوکم

## ماددەی شەست و هەشتەم

حاکم بە ئیرادەی (مەلیك) تەعین ئەکرێ و بێجگە لەو حالاتەی کە لەقانونی تایبەتی خۆیان ئەکرێ لەبەر هیچ شتێك عەزل ناکرێ.(لەو قانونەش, شەرائت ئیقتداریان تەعینیان و پایەیان و عەزل بونیان نووسروە).

## ماددەی شەست و نۆیەهەم

مەحکەمەکان سێ (٣ نەوعن:)

١. مەحاکمی مەدەنیە.
٢. مەحاکمی دینیە.
٣. مەحاکمی خسوسیە

## ماددەی حەفتایەم

دامەزرندن و گردبوونەوە،و پایە و نەقسام و وەزیفە و چاودێری و بەجێ هێنانی حوکمە ئەو مەحکەمانە تابع بە قانونێکی تیبەتیەیە. لەگەڵ ئەوەشدا سەراپا بەم قانونە ڕیعایەت کردن لازیمە.

## ماددەی حەفتاو یەك

کەس، ناتونێ چ داخیلی ئیشی مەحاکم بکا (موستەقیلە).



## ماددەی حەفتاو دویەم

هەموو مەحاکەمەیێ ئەبێ چ بە بە ئاشکرایی ببێ، بەلاّم سەبەبێ لەو سەبەبانەی کەلە قنوندا نووسراوە ببێ، ئەبێ بە دزییەوەئەکرێ نەشر بکرێ، و هەموو حوکمێك بەنوی (مەلیك) دەرئەچێ.

## ماددەی حەفتاو سێیەم

مەحاکم مەدەنیە: بێجگە لەو دەعوایانەی کە (بەپێ ئەم قانونە و بەپێی قانونێکی تر کە حوکمیلە عێراق جاریە) حەقی بینینی هەموو دەعاوی ئەو کەسانەی کەلە عیراقان و حەقی بینینی ئەو دەعوایانەی کە لە تەڕەف حوکمەت عیراقەوە یا لەزد حوکمەتی عیراق ئیقامە ئەکرێ.

## ماددەی حەفتاو چوارەم

وەزیفەی مەحاکم عیبارەتە لە بینینی دەعاوی جەزائیە، حقوقیە، تئجاریە، ئەمانەش بەپێی (ئەو قەوانینەدا دەیبینینێ کە حوکمیان لە عیراقدا جاریە) بەلاّم دەعوای ئەحواڵی شەخسیەی ئەجانیب و دەعوای تیجاریە و مەدەنیە یان ( کە عادەتی دەوڵەتی وابو کەبەپێی قەوانینی ئەجنەبی ببینرێ ) بەپێ قانونێکی تایبەتی دەبینرێ.

## مادەی حەفتاو پێنجەم

مەحاکم دینیە دووقیسمەیە:

١. مەحاکم شەرعیە.
٢. مەجالیسی روحانی تەوایف

## ماددەی حەفتاو شەشەم

مەحاکم شەرعیە خۆی، ئەو دەعوایانەی کە عائیدە بە ئەحواڵی شەخسیەتی مسوڵمانەکانە و ئەو دەعوایانەی کە عائیدە بە ئەو قافیانە بەتەنیا ئەیبینێ.

## ماددەی حەفتاو حەوتەم

حوکم مەحاکمی شەرعیە، بەپێی قانونێکی تایبەت و موافقی کولی مەزهەبێ لە مەزاهیبی ئیسلامیە دەدرێ. و ئەبێ قازی لەمەزهەبی ئەکسیەریەتی ئەو مەملەکەتە ببێ کەتیا قازی ئەبێ، و ئەبێ لەگەڵ ئەمەش لە بەغداد و لەبەسرە قازێك بۆ سونی و قازێك بۆ جەعفەری ببێ.

## ماددەی حەفتاو هەشت

مەجالیسی روحانیە، عیبارەتە لە مەجالیسی روحانیە جولەکەو لە مەجالیسی ڕوحانیەی گاور ئەم مەجلیسانەش بەپێی قانونێکی تایبەتی تەشکیل ئەکرێ و سەلاحیەتیان پێ ئەدرێ.

## ماددەی حەفتاو نۆهەم

١. مەجالیسی روحانیەی تەوایف بێجگە لەو دەعوایانەی کە لەوەزیفەی مەحاکم مەدەنیەیە و بێجگە لەو وەسایەتانەی کە لەکاتیبی عەدل تەسدیق کراوە و دەعوای (مارە) و دەعوای (مارەیی) و تەلاق و نەفەقە و تەسدیق و سایەتی تائیفەی خۆیان ئەیبینێ بەلام ئەگەر ئەو



دەعوایانە عائید بەو کەسانە بێ کە هەر لەو تاتائفەیەن و فەقەت ئەجنەبی نایابنێ.

٢. ئەو مەجلیسانە ئەگەر هەردوو تەرەف موافەقەت بکا بێجگە لەو دەعوایانەی کە باسکرا ئەو دەعوایانەش کە عائید بە ئەحواڵی شەخسیانە نەیان بینێ.

## ماددەی هەشتایەم

نسولی محاکمی مەجالیسی روحانی، و ئەو رسمەی کەتیا ئەسێنرێ و قانونی ویراسەت و حوریەت و و سایەت لەوەزیفەی مەجالیس روحانی نیە بە قانونێکی تایبەتی تەعین ئەکرێ.

## ماددەی هەشتاو یەکەم

بۆ موحاکەمەی وزەرا و بۆ مەحاکەمەی ئەعزای مەجلیسی ئومەت کە ئیهتمام ئەکرێ بە جورمێکی سیاسی و بە جۆرێك کە عائید بێ بەوەزیفەکانیان و بۆ موحاکەمەی حوکامی مەحکەمەی تەمیز کە لەوەزیفەدا جۆرمێکیان کرد بێ و بۆ موافقەتی ئەم قانونە بەقانونی ئاساسی و بۆ تەفسیری قەوانین مەحکەمەی گەورە (عولیا) تەشکیل ئەکرێ.

## ماددەی هەشتاو دوویەم

ئەگەر لەبڕ ئەو سەبەبانەی کە لەماددەی پێشودا بەیان کراوە تەشکیل موحاکەمەیێ لازیم بێ ئەو وەختە بەئیرادەی (مەلیك) کەلەسەر ئەو قەرارە ئیتهامی مەجلیسی مەبعوسان کە بەئەکسەریەتی دوو

سێیەك ئەعزاكانی دەر ئەچێ، مەحكەمەی گەورەی (عولیا) گرد ئەبێتەوەو لازیمە كە، مەجلیسی مەبعوسان بۆ هەموو موحاكەمەیێ قەراڕێكی علی حیدەی وەها بدا. ئەم مەحكەمەیە گەورەیە بێجگە لە ڕەئیس لە هەشت كەس تەشكیل ئەكرێ. ئەمانەش لەتەڕەف مەجلیس خۆی، چواریش لە گەورە حوكامەكانی هەڵئەبژێرێ. لە ژێر ریاسەت ڕەئیس مەجلیسی نەعیا كۆ دەبێتەوە.

## ماددەی هەشتاو سێیەم

ئەگەر مەسئەلەیێ موحتاجێ قەتعی یێك كە عائیدە بە تەفسیر ئەحكامی ئەم قانونەبێ و یا عائید بە تەفسیرێكی لەو قەوانینانە و یا نیزامانە كە حوكمیان جاریەو موخالیف ئەحكامی ئەم قانونەیە. ئەو وەختە بە موافقەت مەجلیسی وزەرا بە ئیرادەی (مەلیك) مەحكەمەی گەورە ( عولیا ) تەشكیل ئەكرێ.

## ماددەی هەشتاو چوارەم

بێجگە لەو ئەحواڵەی كە لە ماددەی پێشوو بەیان كرابوو، ئەگەر وەرزێك داوای تەفسیری بەعزێك قەوانین بكا كە عائیدە بە سەلاحیەتی خۆی بێ، ئەو وەختە لە ژێر ڕیاسەت ڕەئیسی مەحكەمەی تەمیز (دیوان خاص) تەشكیل ئەكرێ. سێ (٣) ئەعزای ئەم دیوانەش كەلە حوكامی مەحكەمەی تەمیزو سێ یش لە گەورەی مەئمور ئیداری هەڵئەبژێرێ.



## ماددەی هەشتاو پێنجەم

مەحكەمەی گەورە، ئەو دەعوایانەی كە نەیان بینێ ئەبێ موافیقی قانون و بە ئەكسەریەتی دوسێ یەك ئەعزاكان بیبینێ. حوكمی ئەم مەحكەمەیە ئیستئناف و تەمیز ناكرێ. و ئەو ئەشخاسانە كە مەجلیسی مەبعوسان ئیتهامیان ئەكا لازیمە دەستیان لە ئیش بكێشرێ و ئەگر ئیستعفایان كرد ئەبێ، تەحقیقات لە حەقیان دەوام بكا.

## ماددەی هەشتاو شەشەم

ئەم موقەرەراتی كە مەحكەمەی گەورە كەبە كسەریەت ئارا دەر ئەچێ و عائید بەو نیشانە ئەبێ كە لە ماددەی (٨٣) بەیان كرابوو ( و بێجگە لەوە كەلە ماددەی (٨٦) دا بەیان كراوە ) و ئەو موقەرەراتەی دیوان خاص كەبەكسەریەتی ئارا دەرئەچێ ( بێجگە لەوەی كەلەماددەی (٨٤) بەیان كراوە ئەبێ لەهەموو مەحاكم داو لە هەموو دەوائیر حوكمەتدا قبوڵ و تەتبیق بكرێ.

## ماددەی هەشتاو حەوتەم

ئەگەر مەحكەمەی گەورە، بیەوێ قەراڕێ بدا كە قانونێك و یا بەعز ئەحكامی ئەم قانونە مخالیف ئەحكامی ئەو قانونە ئەساسیەیە ئەبێ ئەو قەرارە، بەئەسكەریەت دوسێ یەك مەحكەمە بدا و ئەگەر قەراڕێك وا دەربچێ ئەوسا، ئەو قانونەی موخالیفە و یا ئەو ئەحكامەی موخالفەكەی لەغو ئەكرێ، هەروەك هیچ نەبوبێ.

## ماددەی هەشتاو هەشتەم

لەو ئەحوالآنەدا کە لەخوارەوە بەیان کراوە ئیجاب بکا مەحاکمی خسوسیەو ویا ( لیجنەی خسوسی ) تەشکیل ئەکرێ.

١. مەحاکەمەی ئەفرادی قوەی عەسکەریەی عێراق لەبەر ئەو جورمانەی کە لە قانونی جەزای عەسکەریدا بەیان کراوە.

٢. فەسڵی دەعوای جەزای و مەدەنی عشائیر، بەپێی عادەتیان بە قانونێکی تایبەتی.

٣. ئەو ئیختلافانە کە لەبەین حکومەت و مەئمورکانیا ئەبێ کە عائید بە مەئموریەتیەکایانە.

٤. بینینی ئەو ئیختیلافە کە عائیدە بەتەسەرەف و حدودی ئەرازییە.

## ماددەی هەشتاو نۆهەم

نسولی مەحاکەمەی مەحاکمی خسوسیە و رەسمە کە لەم مەحکەمانەدا ئەستێنرێ و وئسول ئیسئناف و نەقزی و تەسدیقی و حوکمی بە قانونێکی تایبەتی تەعین ئەکرێ.



# بابی شەشەم

# ئمور مالیە

## ماددەی نەوەدهەم

هەموو خەرج و باج، وێرگی و ئەو ڕسمی گومرگەی کە لەو ڕۆژەدا دەس بەتەتبیقی ئەم قانونە ئەکرێ هەیە ئەبێ بمێنێ هەتا بە قانون ئەگۆڕێ.

## ماددەی نەوەدو یەکەم

بێجگە بەو ڕەسمانەی کە دەوائیر حکومەت لە موقابل خزمەتی عمومی وەری ئەگرێ و بێجگە لەو ڕەسمانەی کە حکومەت، موقابل ئەو مونفەعەتەی کەلە تەسەرف ئەموالی حوکمەت دا دێتە و جود وەری ئەگری بەپێی قانون نەبێ کە لەتەڕەف (مەلیك) ئەوە بەعد نەز موافەقەت مەجلیسی تەسدیق ئەکرێ جائیز نیەهیچ ڕەسمێك ( خەرج، وێرگیو ) دابنرێ.

## ماددەی نەوەدو دویەم

ئەبێ هەموو ڕەسمێك لە موکەلفین ئەهلی عیراق بەبێ فەرق و تەمیز وەربگیرێ و بەپێی قانون نەبێ هیچ کەس لەو ڕەسمە عەفو ناکرێ.

## ماددەی نەودو سێیەم

بەپێی قانون ئەبێ فرۆتنی ئەموالی دەوڵەت، و یاتەفویزکردنی ویا بەکرێ دانی و یا  بەتەرحێکی تر تەسەرف کردنی جائیز نیە.

## ماددەی نەوەدو چوارەم

بەپێی قانون نەبێ ئیرادەیەکی تەبیعی مەملەکەت بەقەسد سەمەرە وەرگرتن و یابەقەسد ئیستعمال کردن و یا مەسڵەحەتی لە مەساڵح عموم یە ئیمتیاز نادرێ و ئینحیسار ناکرێ و واریداتی دەوڵەت بە ئیلتزام نادرێ، و ئەگەر درا ئەبێ مۆدەتی لە سێ (٣) ساڵ تێ نەپەڕێ و ئەبێ هەر یەکێکی بە قانونێکی تایبەتی بدرێ.

## ماددەی نەوەت و پێنجەم

ئەگەر قانونی بوودجەی موساعدی نەبێ حکومەت، هەر بەپێی قانونێکی تایبەتی نەتوانێ قەرز وەرگرێ و تەعهدێ بکا کەپارەیی لە خەزینەی دەوڵەت بسێنرێ.

## ماددەی نەوەدو شەشەم

لازیمەی، ئەو پارانەی کەلەتەرەف هەموو مەئمورێکی حکمەت قەبز ئەکرێ ئەبێ تەسلیم خەزینەی گەورەی دەوڵەت بکرێ و بەپێی ئەو نسوڵەی کە لە قانەندا تەعین کراوە حیسابی ئەو پارانەش بدرێ.



## ماددەی نەوەدو حەوتەم

بەپێ قانونی : کەم کردنی معاش و یابەخشیش دان و یا سەرفی مەبلەغێك لە خەزینەی گەورەی دەوڵەت جائیز نیە و بەپێی ئەو نسوڵەی کەلە قانوندا تەعین کراوە نەبێ لە موخەسەسات مەبلەغێك سەرف کردن جائیز نیە.

## ماددەی نەوەدو هەشتەم

ئەبێ موخەسەسات هەموو ساڵێك بە قانونێکی ساڵانە کە قانونێکی ساڵانە کە قانونی بوودجەی پێ ئەڵێن تەسدیق بکرێ.
و لەم قانونەش دا واریدات و مەسروفاتی ئەو ساڵە بەیان ئەکرێ.

## ماددەی نەوەت و نۆهەم

ئەبێ مەجلیسی ئومەت لە ئیجتماعی پێشودا قانونی بودجەی ئەو ساڵە کە لە دوای ئەو ئیجتماعەی دادێت تەسدیقی بکا.

## ماددەی سەدەم

وەزیر مالیە، لەسەریەتی کە قانونی بودجەو ئەو لایحانەی کە عائید بەقەرز وەرگرتنی حکومەت، و هەموو ئەو لائیحەی قانونانە کە عائید بەتەخسیس ئەموالە، و ئەوانەی کە عائید بە زیادکردن تەخسیساتێکەلەوەختی خۆیدا تەسدیق کراوە، و ئەوانەی کە عائید بە کەمکردنەوەی یل لەغو کردنی ئەو تەخسیساتە بەعەرزی مەبعوسانیان بکا.

## ماددەی سەدو یەکەم

بۆ قانونی بودجە لە مەجلیسدا موزاکەرە ئەکرێ و بۆ هەر مادەیێک جوێ، جوێ ڕەئی نەدرێ. پاش ئەمەش بۆ هەموویان بەجارێ ڕەئی کۆ دەکرێ بەلام، بۆ نەفسی بودجە فەسلێ، فەسلی رەئی نەدرێ.

## ماددەی سەدو دویەم

ئەگەر لەوەختی کەمەجلیس بلاْوەی کردو بێ، بۆ سەرفیمەبلەغێك بەپەلە مەجبوریەت حلصل ببێ، و لەبودجەشدا و یا لە قانونێکی تایبەتی دا بۆ سەرف ئەو مەبلەغەی کە روخسەت نەدرابێ (مەلیك) حەقی ئەوەی هەیە کەبەموافەقەتی مەجلیسی وزەرا بۆ سەرفی ئەو مەبلەغەئیرادە بکا وەکو لە فەرقەرەی (ج) لە ماددەی (٢٤) دا بوییان کرابوو.

## ماددەی سەدو سێیەم

مەجلیسی ئومەت، ئەتوانێ قانون دابنێ بۆ سەرفی مەبلەغێك کە لەتەرەف چەند ساڵێکدا سەرف بکرێ.

## ماددەی سەدو چوارەم

لازیمە قانونێك دابنرێ، بۆ تەئسیس دائرەیێك کەلە هەموو مەساریفێك ووردبێتەوەو ئەم دائیرەیە ئەبێ تەقەڵەن ساڵی جارێك. لە خسوسی ئەوەی کە سەرفیات بە میقدار ئەو موخەسەساتەی کە لە



مەجلیس تەخسیسی کردوە. و ئسوڵی سەرفیشی بەپێی قانون مەخسوسن یانا؟ تەقریرێك تەقدیمی مەجلیس بکا.

## ماددەی سەدو پێنجەم

بێجگە لە وزەرا، کەس ناتوانێ بەهیچ مەجلسێك لایحەی قانونی تەقدیم بکاو یا فیکری بەیان بکا کە ببێ بەباعسی سەرفی مەبلەغێك لە واریداتی عمومی.

## ماددەی سەدو شەشەم

هەتا (مەلیك) موافەقەت نەکا مەجلیسی مەبعوسان ناتوانێ قەرارێ بداو یا تەکلیفی تەعدیلی لایحەیێ بکا بۆ کەم کردنەوەی ئەم مەسروفەی کە لە موعا هەداتی هاتوە وجودەکەی مەجلیسی تەئسیسی و یا مەجلیسی ئومەت تەسدیقی کردووە.

## ماددەی سەدو حەوتەم

ئەگەر ساڵی مالیەی تازە هات و هێشتا قانونی بودجەکەی تەسدیق نەکرابێ و ئەگەر (مەجلیسی ئەمەت) یش لە حاڵ – کۆبونەوەدا نەبێ، ئەبێ وەزیری مالیە، بۆ تەخسیسات مودەتێکی موەقەت کەلە دوو مانگ تێ پەر نەکات لایحەیەکی قانونی تەقدیمی مەجلیسەکە بکا. و ئەگەر دیسان لازیم بوو جائیزە تکراری بکاتەوە و ئەگەر مەجلیس لە حاڵ کۆبونەوەدا نەبوو بۆ شەرتەکە کە خەلەل بە دەرچون ئەو ئیرادانە کە لە ماددەی (١٠٣) دا بەیان کرابوو ئەبێ ڕیعایەت بوودجەی ساڵی ڕابوردوو بکرێ.

## ماددەی سەدو هەشتەم

بەپێی قانون بۆ سکەی دەوڵەتی نیزام دادەنرێ

## ئیدارەی ئیقلیم

## ماددەی سەدو نۆهەم

لە عیراق ( مەناتیق ئیداریەیە)و ئەنواعیان و ناویان و ئسەل دامەزراندنیان و سەلاحیەتی مەئمورەکانیان و عینوانیان بەپێی قانونی تایبەتی تەعین ئەکرێ.

## ماددەی سەدو دەیەهەم

ئەو واجباتانەی کە، لەناو مەوادو ئەو موعاهەدانەدا هەیە کە، (مەلیك) بەتەسدیقی مەجلیس تەئسیسی ویا مەجلیسی ئومەت عقدی کردوە. و کە لازیمە لە بەعزێ مەناتیق ئیداریەدا ئیجراو تەتبیق بکرێن ئەبێ بخرێتە ئەو قانونەدا کە لە ماددەی پێشودا باس کرا.

## ماددەی سەدو یانزدەهەم

ئیش و کاری بلدیە لە عیراقدا: بە واسیتەی مەجلیس بەلەدیە بەپێی قانونی تایبەتی ئیدارە ئەکرێ و مەجالیس ئیدارەی مەناتیق ئیداریە وەزیفەکانی خۆیان بەپێی قانون مەخسوس ئەبێنن.

## ماددەی سەدو دوانزەهەم

هەموو تایفەیێك حەقی ئەی هەیە کە بۆ ئیدارەی ئەو مسەقەفاتە و بۆ ئیدارەی ئەو شتانە کە ئیرادی هەیە و وەقف کراوە و بۆیە ئەرسانەی



کە بۆ کاری خێرو وەقف کراوە، لە مەناتیقی ئیدارەیاندا مەجلیس تەشکیل بکەن و ئەو مەجلیسانە حەقی ئەوەیان هەیە کە واریداتی ئەو وەقفە واریسە گرد بکەنەوەو بەپێی ئارەزووی ئەو کەسانەی کە ئەم وەقفەو هیبەیان کردوەو یان بەپێی عورف و عادەتی خۆیان سەرفی بکەن، ئەم مەجلیسانە حەقی ئەوەیان هەیە کە بەپێی قانون چاودێری ماڵ هەتیوان بکەن و ئەو مەجلیسانە لە ژێر چاودێری حوکمتدا بین.

## بابەت هەشتەم

## تەسدیقی قانون و حوکم

## ماددەی سەدو سێنزەهەم

ئەو پەوانینە عوسمانییەی کە لە پێش تەئریخ / ٥ تشرینی دووەمی ١٩١٤ و ئەو قەوانینەی کەلەم تەئریخەدا و یا لە پاشا لە عیراقدا نەشر کراوە و حوکمیشیان جارێ بوە لازیمە کە هەتا نشری ئەم قانونە حوکمیان جارێ ببێ بەڵام بە قەد ئەوەندەی کە ئەحواڵ و زەمان موساعدە ئەکا. لەگەڵ ئەمەشدا ئەبێ ڕیعایەت ئەو بیانات و نیزامات و قەوانینە بکرێ کە لە ماددەی ئاتی دا بەیان ئەکرێ و کە بۆ تەعدیل و لەغو بەغز ئەحکام عوسمانیە نەشر کرابوو.

ئەمەش تا ئەو وەختەی کە لە تەرەف (قوەی تەشریعیە) ئەگۆڕێ و یا لە غو ئەکرێ و یا تا ئەو وەختەی کە قەراری لە غویان لە مەحکەمەی گەورە بەپێی ماددە (٧٦) دەرئەچێ.

## ماددەی سەدو چواردەهەم

هەموو بەیانات و نیزامات و قەوانینەی کە لەتەرەف قاعید عامی بەریتانی و لەتەرەف حاکمی مولکی عام و لەتەرەف مەندوبی سامی نەشر کراوە و ئەوانەی کەلەتەرەف حکومەتی (فەیسەل) جەلالەتمە ئاب و لەبەین تەئریخی تشرینی سانی ۱۹۱٤ و تەئریخ تەنفیز ئەم قانونەدا دەرچووە، لەو ڕۆژەوە کە دەست بەتەنفیزیان کراو، هەتا ئەم تەئریخەی لەغو نەکرابیٚ حکومیان بەسەحیح ئیعتبار ئەکریٚ. و ئەبیٚ حوکمیشیان جاریٚ بیٚ هەتا (قوەی تەشریعیە) ئەیا نگۆڕیٚ و یان لە غویان ئەکاو یاتا ئەو وەختەی کەلە مەحکەمەی گەورە بەپیٚی حوکمی ماددەی (٨٦) لە غویان دەرئەچیٚ.

## ماددەی سەدو پانزدەهەم

ئەو کەسانەی کە، بۆ بەجیٚ هیٚنانی ئەو ئەمرانەی کەبە قەسد خەبەردانی حەرەکاتی دوژمنایەتی و یا بۆ تەئسیس و موحافەزەی ئەمنیەت و نیزام عمومی و یا بۆ بەجیٚ هیٚنانی ئەو ئەمرانەی کە بەپیٚی حوکمی ئیدارەی عورفیە کەلە بەین ٥ تشرینی سانی ساڵی ۱۹۱٤ و تەئریخ تەنفیزی ئەم قانونە ئەساسیە لەتەرەفی قوماندانی قوەتی بەریتانی عام یا لەتەرەف حاکمی مولکی و لەتەرەف مەندوبی سامی و لە تەرەف حکومەتی (فەیسەل) جەلالەتم ئاب وەریان گرتووە، ئەمانە ئیعتبار ئەکریٚ کە بەنیەتیٚکی ساف ئەو ئەمرانەیان بەجیٚ هیٚناوە وا ئەمانە بەبڕی ئیعتبار ئەکریٚن و پاریٚزراون هەتا ئەو ڕۆژەی کە شکایەتکەرەکانیان خیلافی ئەمە ئیسپات ئەکەن. و هەموو دەعواو



محاکەمەش هەتا خیلافی ئیسپات نەکریٚ ڕەت ئەکریٚتەوە و بەباتیل ئیعتبار ئەکریٚ.

## ماددەی سەدو شانزدەهەم

ئەو حوکمانەی، لە پیٚش ئیحتلالدا لە مەحاکمی مەدەنیەی عوسمانی کەلە پاش ئیحتلال لە تەرەف حوکامی سیاسی و لەتەرەف معون حوکامی سیاسی. کە سەلاٚحیەتی بینینی دەعواکانیان هەبو و دەرچوە وەکو لە مەحاکیمی عیراقیە کەبە پیٚی نیزامی تەئسیسی کراوە دەرچوبیٚ ئیعتبار ئەکریٚ.

## ماددەی سەدو حەفتەهەم

ئەو ئەحکامو قەرارە جەزائیەی کەلە مەحکەمانە دەرچوە کە پاش ئیحتلال تەشکیل کرابون و ئەو ئەحکام و قەرارەی کە، مەحاکیمی عورفیەو لە مەحاکیمی عەسکەریەوە و لەتەرەف حاکمی سیاسی و عەسکەری و یا لەتەرەف وەکیل ئەم حاکمانە و یا لەو مەئموارانەی کە لە سەلاٚحیەتی. بینینی دەعوای ئەم جۆرمانەی هەبوە و حکومیان کردوە. ئەم حوکمانە وەکو ئەو حوکمانەی کە لە مەحاکمی مەدەنیەی عیراقیەوە کە (بەپیٚ نیزام تەشکیل کراوە) دەرچوبیٚ وا ئیعتیبار ئەکریٚ.

## بابی نۆهەم
## گۆڕینی ئەحکامی ئەم قانونە ئەساسیە

### ماددەی سەدو هەژدەم

لە زەرف ساڵێکدا لە تەئریخ تەنفیزی ئەم قانونە مەجلیسی ئومەت حەقی ئەوەی هەیە کەبەئەکسەریەت ئارای دوسێ یەك هەردوو مەجلیس لە ئمور فەرعیەی ئەم قانونە تەعدیلات بکەن و یا بۆ ئیفاد کردنی ئەم مەقسەدە شتێك زیاد بکەن.

### ماددەی سەدو نۆزدەهەم

بێجگە لەو شتانەی کە لە ماددەی پێشودا بەیان کراوە جائیز نیە کەمەجلیسی خەلق (ئومەت) لە تەئریخ تەنفیزی ئەم قانونەوە هەتا پێنج ساڵ تەعدیلات بکا، و پاش ئەم مودەتە بەپێی شەرائیتەی کە لە خوارەوە بەیان ئەکرێ جائیزە تەعدیلات بکرێ.

هەموو تەعدیلێك لازیمە بە موافەقەت دوسێ یێك ئەعزای عمومی هەردوو مەجلیسە کەقبوڵ بکرێ لە پاش ئەمە ئەبێ مەجلیسی مەبعوسات تێك بدرێ. و دووبارە ئینتخابێکی تازە بکرێتەوە. دووبارە ئەم تەعدیلاتەی عەرزی ئەم مەجلیسە تازەی و مەجلیسی ئەعیان ئەکرێتەوەو ئەگەر هەردوو مەجلیس ئەم تەعدیلاتە بە ئەکسەریەتی دووسێیەك ئەعزاکانیان قبوڵ کەن و مەلیك تەسدیقی کرد ئەو وەختە نەشر ئەکرێ.



## بابی دەهەم
## مەودای عمومی

### ماددەی سەدو بیستەم

لە تەرەفێکی عێراقدا ئیغتشاش ببێ و یا ئیمارەێکی ئیغتشاش زهور بکاو یان ترسی هجومێکی دوژمن ڕووبدا (مەلیك)حەقی ئەوەی هەیە کە لەپاش موافەقەتی مەجلیسی وزەرا موقتنلەو جێگایانەی کە ئیدارەی عورفیە ئیعلان بکا. و لەو جێگانە کە ئیدارەی عورفی ئیعلان ئەکرێ جائزە ئەو قەوانین و نیزامانەی کە لەبەیان نامەی ئیدارەی عورفیەدا بەیان ئەکرێ تەعتیل بکرێ.و ئەو ئەشخاصانەی کە ئیدارەی عورفیە تەتبیق دەکەن هەتا مەجلیس ئومەت قانونێکی تایبەتی عەفویان نەکا لە نەزەر قانوندا لەو ئیشانەدا کە ئەیکەن مەسئولن.

### ماددەی سەت و بیست و یەکەم

ئەگەر تەفسیری حوکمێ لە ئەحکامی قانونیە لازیم بێ:

١. ئەگەر ئەو تەفسیرە مەخسوس بە ئەحکامی ئەو قانونە ئاساییە بێ عاید بە مەحکەمەی گەورەیە, ئەویش هەر وەکو لە (بابی پێنجەم) ی ئەم قانونەدا بەیان کرابوو تەفسیری ئەکا.

٢. ئەگەر ئەو تەفسیرە مەخسوس بە قانونێك لەقەوانینی ئیدارەی ئیشی عمومی بێ عایدە بە دیوانی خاصەی هەر وەکو لە (بابی پێنجەم) ئەم قانونەدا, بەیان کرابوو تەفسیری ئەکا.

٣. بێجگە لەمانە لە ماددەی قانون مەعنای دەرهێنان بۆ ئەو دەعوایانەی کە موحتاج مەعنای لێ دەرهێنانە عاید بە محاکمی عەدلیەیە.

## ماددەی سەت و بیست و دووەم

دائیرەی ئەوقافی ئیسلام لە دەوائیری ڕەسمی حکومەت ئیعتبار ئەکرێ.

ئیش و کاری ئەم دائیرەیەو دروست کردنی ئموری مالیەی بەپێی قانونێکی تایبەتیە.

## ماددەی سەت و بیست و سێیەم

ئەم قانونە لەو ڕۆژەدا لە تەرەف (مەلیك) تەسدیق ئەکرێ حوکمی جاری ئەبێ.



## پەراوێز سەرچاوەکان


١. گۆڤاری یاسا پارێزی ژمارە (١) س١ – ١٩٩٦ .٤ سەرە قەڵەمانەی بونی یاسا لەنێو گەلی کوردستاندا / تارق جامباز/ لا١٢١.

٢. گۆڤاری یاسا ژمارە (٣) س٣-١٩٩٨ – کورد لە دەستورەکانی عێراق دا – پارێزەر شەفیق حاجی خدر لا١٣١.

٣. التشريعات الدستورية في العراق دراسة و أعداد د. رعد الجدد – السلسلة الوثائقية ١/بغداد/١٩٩٨.

٤. المجلس التأسيسي العراقي– د. محمد مظفر الادمي– الجزء الثاني ١٩٨٩–بغداد.

٥. موسوعة العراق السياسية د. عبدالرزاق محمد أسود – المجلد الثاني.

٦. مذكرات علي كمال عبدالرحمن – تقديم جمال بابان – بغداد – ٢٠٠١.

٧. دیاری کوردستان (١٩٢٥–١٩٢٦) ژ١٠ – ئامادەکردنی رفیق صالح , ٢٠٠١.

٨. ژیانەوەو شوێنی لە ڕۆژنامە نووسی کوردیدا (١٩٢٤–١٩٢٦) عەبدوڵلا زەنگەنە ٢٠٠١– ژ ٢٢.

٩. الحياة النبابية فى العراق (١٩٢٥–١٩٤١) موقف جماعة الاهالى منه – حسن جميل – ١٩٨٣ – بغداد.

١٠. السليمانية بين الامس و اليوم ١٩٨٥ ل ٤١ يەكەمین پارێزگاری (موتەسەرفی لیوای سلێمانی) ئەحمەد توفیق بووە كەلە ١٩٢٠/٣/٧ دەست بەكار بووە.

١١. چەند لاپەڕەیەك لە مێژووی گەلی كورد د. كمال مەزهەر بەرگی دووەم – ٢٠٠١ ئامادە كردنی عبداللاّ زەنگەنە ل ٢٦٠.

١٢. دەقە وەرگێڕاوەكە.

سوپاسێكی تایبەت بۆ پەرلەمانتاری پارێزەر (محمد سعید احمد الیعقوبی) كە دەقە وەرگێڕاوەكەی لە فەوتان پاراستبوو.

## زمانه فەرمییەکانی لە دەستوری کەنەداو سویسراو بەلجیکادا

زمان، بوونی نەتەوە دەسەلمێنی و چەندەی زەمان لە خوێندن و نووسین و گفت و گۆکردندا بەکار بهێنرێ پترو بەرفراوانتر دەبوژێتەوەو پەرەدەستێنێ وە بەپێچەوانەوە کە قەدەغەکرا یا بەکار نەهێنرا ئەوا مۆرکی نەتەوایەتی کزو لاواز دەبی و لە ئەنجامیشدا بەرەو لەناو چوون دەچێت.

هەر لەگەڵ دامەزراندنی وولاتی عیراقدا مافی بەکار هێنانی زمانی کوردی دراوەتە نەتەوەکەمان بەلام جگە لە قۆناغەکانی خوێندن و لەبەشێك لە کوردستانی باشور ئەوا پارچەکانی دیکەی کوردستان (قەدەغەکراوە) گەرچی لەدەستوری یاساکانی عیراق دانی پیانراوە بەلام جێ بەجێ نەکراوە هەر لەسەر کاغەز ماوەتەوەو بەکردار لەدامو دەزگاکانی ( ناوچەی کوردستانی ئەویش ) جێ بەجێ نەکراوە بەڵکو هەوڵدراوە کە تاکو ساڵی ١٩٩٠ زمانی کوردی لە هەموو قۆناغەکانی خوێندن نەهێڵرێت، بەلام دوای ڕاپەڕینی جەماوەری گەلی کوردستان لەساڵی ١٩٩١ ئەوا نەك ئەو پلانە بۆ گەنەی لەرەگ و ڕیشە هەڵتەکاندو هەڵوەشاندنەوە بەڵکو سەرەڕای کورد ئەوا براتروکمان و کلدو ئاشوریەکانیش لە هەموو قۆناغەکانی خوێندن بەزمانی نەتەوەیاتیان دەخوێنن، گەرچی لە ناوچەکانی ژێر دەسەلاتی ڕژێمی لە ناوچوو



(زمانی کوردو تروکمان و کلدو ئاشوری) لە هیچ قوتابخانەیەك پێی نەدەخوێنرا بەڵکو لە کەرکوك لەچەندان بەڵگەنامە بەدەرکەوت کە گفتوگۆ کردنیش بەزمانی زگماك لە نێوان قوتابیانی کوردو تورکمان (بەتاوانێکی مەزن دانراو سزایێکی توندیش هەبووە) بەپێچەوانەی ڕژێمی فاشی ئەوا لە دونیای دیموکراتیەت بۆ نموونە لە ئەوروپا (هاولاتیانی هەرنەتەوەیەك) دەتوانن، داوا بکەن کە منالە کانیان بەزمانی زگماگیان بخوێنن و بۆ ئەم مەبەستە مامۆستایان هەر لەنەتەوەیەکەیان بۆ دابین دەکەن و موچەکەشی دەدەن، دوای ئازاد کردنی عێراق پێویستمان بە دەستورێکی وایە کەهەموو هاولاتیان (لە عیراق) یەکسان بن و لەبەر ئەوەی گەلی کوردستان فیدڕاڵی هەڵبژاردوەو لەو ولاتانە فیدرالی ئەوا هەموو نەتەوەکان لە دەستوردا لە (ماف و ئەرك) یەکسانن و هیچ جیاوازیەك لە نێوانیاندا نیە بۆیە پێویستە یاسا ناسانی کوردستان وەکو ئەرکێکی مێژوویی کە لە دەستوری ئایندەی عیراق بەڕاشکاوی گشت مافەکانی گەلی کوردستان تیا بێت و ئەو ناوچانەی پێش ئازاد کردنی عیراق ٢٠٠٣/٤/٩ بخرێتە سەر هەرێمی کوردستان عیراق وەمافی گشت ئەو نەتەوانەی لە کوردستان دەژین پارێزراو بێت و پتریش ئەوەی لە کوردستانی عیراق و مافی گشت ئەو نەتەوانەی لە کوردستان دەژین پارێزراو بێت و پتریش ئەوەی لە کوردستانی فیدڕاڵ پێش ٢٠٠٣/٤/٩ جێ بەجێ دەکرا چونکە مافێکی ڕەواو یاساییانەیە. وا ئەمجارە لە بارەی چەند وولاتی فیدراڵی ئەو زمانانەی لە دەستوریاندا بە فەرمی ((ڕەسمی)) دانیانپیا نراوە و لە دەستوری سویسڕا و کەنەداو بەلجیکا، جەختی لەسەر کراوە و دانیان

پێناوە و جێ بەجێ دەکرێ و لەهەموو لایەکانی بواری ژیاندا ( کارو باری حکومەت و دادگاکان و پەرلەمان و خوێندن و هتد، بەکار دەهێندرێ و ئەم چەند وولاّتەش کەدەمێکی (دەستوریان هەیە). لە ولاّتی سویسڕا هەر لە ساڵی ١٢٩١ وە دستور هەیە. لە دەستوری ساڵی ٢٠٠٠ی بەرکار بەڕاشکاوی و مافپارێزانەی باس لە چوار زمانی فەرمی (ڕەسمی) دەکات لەم بەندانەدا:

## بەندی ٤ زمانەکانی ولاّت /

زمانەکانی ولاّت ئەمانەن : ئەڵمانی و فەڕەنسای و، ئیتاڵی و ڕۆمانیش.

## بەندی ١٨ ( ئازادی زمان )

دەستور دەستەبەری ئازادی زمان دەکات.

## بەندی ٧٠( زمانەکان )

١. زمانەکانی فەرمی (ڕەسمی) لە سویسڕا ئەمانەن (ئەڵمانی و فەرەنساوی و ئیتاڵی و هەروەها (ڕۆمانیش) بەزمانی ڕەسمی دادەنرێ بۆ ئەوانەی قسە بەو زمانە دەکەن.

٢. هەرێمەکان زمانە رەسمیەکانیان دەست نیشان دەکەن بۆ پاراستنی و گونجانی کۆمەڵە زمانەکان ئەوا هەرێمەکان پارێزی دابەشکردنی جوگرافیای زمانە ئاسایی یەکان دەکەن و ڕەچاوی زمانە خۆجێ و کەمە نەتەوایەتیەکانیش دەکرێت.



٣. پاڵپشتی فیدراڵ و هەرێمەکان بۆ لێك تێگەیشتن و ئاڵو گۆڕ لە نێوان کۆمەڵە زمانەکانی جیاواز دەگرێت.

٤. فیدرال یارمەتی هەرێمەکانی کە چەندان زمانی تیایە دەدات تاکو بەڕێکی بەئەرکی خۆی لەم بارەوە ڕابێ.

٥. پاڵپشتی فیدراڵ بۆ ڕێککارییەکانی (ئیجرائات)، لە هەردوو هەرێمی جراو بۆند و شین بۆ پاراستنی زمان (ڕۆمانیش و ئیتاڵی)و گرنگی پێدانیان لە دوو هەرێمەکەدا.

لە وولاّتی کەنەداش کە ولاّتێکە سیستەمەکەی فیدڕالیەو لە ساڵی ١٨٧٦ وە دەستوری هەیە، لە دەستوری ساڵی ١٩٩٠ (هەر بۆ زمان نۆ بەندی ( ١٦ تاکو ٢٣ ) تەرخانکردوەو هەر بەندێکی چەندان برگەی لە خۆ گرتووەو تیایانە دان بە دوو زمان دەنێ کە لەسەرتاسەری کەنەدا وەکو یەك بەکار بهێنرێن و یەکسانن و هاولاّتیانی فەرەنساوی زمان یا ئینگلیزی زمان سەرپشکن لە هەر شوێنێکی وولاّتەکەدا زمانەکەی بەکار بێنێ ئەمەش مافێکی ڕەوای هەردوو نەتەوەیەکە بۆیە ئەم چەند بەندانەی بۆ دانراوەو دەستور زەمانەتی جێ بەجێ کردنی داون.

## زمانه فەرمییەکانی کەنەدا

### بەندی ( ١٦ )

١. زمانی ئینگلیزی و فەرەنساوی دوو زمانی فەرمین لەکەنەدا هەمان ماف و سەرپشکیان هەیە لەبەکارهێنانیاندا لە دەزگاکانی پەرلەمان و دەزگا حکومی یەکان.

٢. زمانی ئینگلیزی و فەرەنساوی دوو زمانی فەرمین لە نێو – برەنزویکدا، وە هەردوو زمان هەمان ئاستی کۆمەڵایەتی و ماف و سەرپشکیان هەیە لەبەکارهێنانیاندا لە دەزگاکانی دەستەی یاسادانەران و دەزگاکانی تری حکومی لە نێو برە نزویکدا.

٣. هیچ بەندی لەم دەستورەدا دەسەڵاتی پەرلەمان یاخود دەسەڵاتی دەستەی یاسادانەران دیاری ناکات سەبارەت بەیەکسان کردنی ئاستی زمانی ئینگلیزی و فەڕەنساوی وە بەکارهێنانی هەردوو زمانەکە.

### ( ١-١٦ )

١. کۆمەڵەی زمانەوانی ئینگلیزی و کۆمەڵەی زمانەوانی فەرەنساوی لە نێو برەنزویکدا هەمان ئاست و ماف و سەرپشکی یان هەیە، هەروەها مافی جیا کردنەوەی دەزگاکانی فێرکردنیان هەیە، وە ئەوانیش مافی جیاکردنەوەی دەزگا رۆشنبیرەکانیان هەیە ئەم



دەزگایانەش زۆر گرنگن بۆ پاراستن و بەرەو پێش بردنی ئەم جۆرە کۆمەڵانە.

٢. رۆڵی حکومەت و دەستەی یاسا دانەران لە نێو برەنزویکدا سەبارەت بە پاراستن و بەرەو پێش بردنی پایەو ماف و ئەو سەرپشکی یانەی کەلە بڕگەی (١) دیاری کراوە بڕیاری لەسەر دراوەو چەسپێنراوە.

### بەندی ( ١٧ )

١. هەموو کەسێك مافی ئەوەی هەیە کە زمانی ئینگلیزی یان فەرەنساوی بەکار بهێنێت لەهەر گفت و گۆیەك یان کۆنووسێکی دانیشتەکانی پەلەماندا.

٢. هەموو کەسێك مافی ئەوەی هەیە کەزمانی ئینگلیزی یان فەرەنساوی بەکار بهێنێت لەهەر گفت و گۆیەك یان لە هەر کۆنووسێکی دەستەی یاسا دانەرانی نێو برەنزویکدا بێت.

### برگەی ( ١٨ )

١. یاساو تۆمارو رۆژنامەکانی پەرلەمان دەبێت بەهەردوو زمانی ئینگلیزی و فەرەنساوی چاپ بکرێن و بلاو بکرێنەوەکۆپی هەردوو زمانەکەش باوەڕ پێکراو دەبێت و پشتی پێدەبەسترێت.

٢. یاساو تۆمارو رۆژنامەکانی نیو برونزویك دەبێت بەزمانی ئینگلیزی و فەرەنساوی چاپ بکرێن و بلاو بکرێنەوە کۆپی هەردوو زمانەکەش باوەڕ پێکراو دەبێت و پشتی پێدەبەسترێت.

## بەندی (١٩)

١. لەهەر دادگایەکی دامەزراو لەلایەن پەرلەمانەوە دەتوانرێت زمانی ئینگلیزی یان فەرەنساوی بەکار بهێنرێت لەکاتی دا بینی و داکۆکی کردن و وەهەروەها لەکاتی دەرچواندنی فەرمانە دادوەریی یەکاندا.

٢. لەهەر دادگایەکی نێو برەنزویکدا دەتوانرێت زمانی ئینگلیزی یا فەرەنساوی بەکار بهێنرێت لەکاتی دابینی و داکۆکی کردندا، هەروەها لەکاتی دەرکردنی فەرمانە دادوەریی یەکاندا.

## بەندی (٢٠)

١. هەرهاوڵاتییەکی کۆمەڵگەی کەنەدی مافی ئەوەی هەیە کەخزمەت گوزاری پێویست لەسەرۆکایەتی یا لە نووسینگەی ناوەندی یەکانی هەردەزگایەکی تایبەت بەپەرلەمان و حکومەتی کەنەدی وەربگرێت وە دەتوانێت پەیوەندیشیان پیٚ بکا جاچ بەزمانی ئینگلیزی بێت یان بەزمانی فەرەنساوی، هەروەها هەمان مافیشی دەبێت لە هەموو نووسینگەکانی دیکەی ئەم دەزگایانە کاتێک:-

أ. هاوڵاتی داوا بکات بەیەکێك : لەم زمانانە خزمەت گوزاری پێشکەش بکرێت لەم دەزگایانە یا کاتێك داوا دەکات پەیوەندیان پێوە بکات.

ب. بەگوێرەی سروشتی نووسینگەکە واباش بێت کە پێشکەش کردنی خزمەت گوزاری و پەیوەندیکردنی بەهاوڵاتیاناوە لەلایەن نووسینگەکەوە بەهەردوو زمانی ئینگلیزی و فەرەنساوی بێت.



ت. هەر هاوڵاتییەکی کۆمەڵگای نێو برِەنزویك مافی ئەوەی هەیە کە خزمەت گوزاری بەردەست وەربگرێت لە هەر نوسنگەیەکی دستەی یاسا دانەران یا لەهەردەزگایەکی حکومی بەزمانی ئینگلیزی یا فەرەنساوی و پەیوەندیشیان پێوە بکات بەهەمان ئینگلیزی یا فەرەنساوی.

## بەندی (٢١)

هیچ بەندێم لەم بەشەدا واتە لە ١٦ تاکو ٢٠ ماف و سەرپشکی و پەیرِەو کردنی ومانی ئینگلیزی و فەرەنساوی کە چەسپێنراون و پەیرەو دەکرێن بەگوێرەی بەندەکانی دیکەی دەستوری کەندی، هەڵناوەشێنرێنەوەو نرخیشیان کەم ناکاتەوە.

## بەندی (٢٢)

هیچ بەندێك لەم بەشەدا لە ١٦-٢٠ نرخی ماف و سەرپشکی و یاسا چەسپیوەکانی تایبەت بەزمانی ئینگلیزی و فەرەنساوی کەوە دەست هێنراون کاریان پیٚ دەکرێت تاکو ئێستاو داوای بەکار هێنان و دەست بەکار بوونی ئەم دەستورەش کەم ناکاتەوەو پوچەڵ ناکاتەوە.

## زمانە کەمینەییەکان و مافە پەروەردەییەکان

### بەندی (٢٣)

**١. هاوڵاتیانی کەنەدا**

أ. ئەوانەی کەزمانی سەرەکییان واتە زەگماکییان ئینگلیزی و یا فەرەنساوییە زمانە سەرەکی یەکەشی دەخوێندرێتەو هەرێمەی کە تیایدا دەژیت و خەڵکیش لێی تیَ دەگەن، جگە لەمەش زمانەکە کەمینە بێت لە هەرێمەکەدا، یانا.

ب. ئەوانەی کە خوێندنی سەرەتاییا لە کەنەدا بەزمانی ئینگلیزی یا فەرەنساوی تەواو کردووە وە لە شوێنێك نیشتەجیَ بوون کە زمانی ئینگلیزی یا فەرەنسی تیایدا زمانی کەمینەیە، ئەوا ئەو هاوڵاتیانە مافی ئەوەیان پیَ دەدرێت کە منداڵەکانیان خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و دواناوەندی بەزمانی بەزمانی سەرەکی ئەو ناوچەیە تەواو بکەن.

٢. ئەو هاوڵاتییە کەنەدیانەی کە یەکێك لە منداڵەکانیان خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و دواناوەندیان بەزمانی ئینگلیزی یان فەرەنساوی تەواو کردوە لە کەنەدا یا خەریکە تەواوی بکات، ئەو هاوڵاتیانە دەتوانن هەموو منداڵەکانی دیکەیان بەهەمان زمانی



منداڵەکەی تریان خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و دواناوەندی تەواو بکە.

٣. مافی هاوڵاتیانی کەنەدی بەپێی لقی (١) و (٢) سەبارەت بەتەواو کردنی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و دواناوەندی و منداڵەکانیان بەزمانی ئینگلیزی و فەرەنساوی لە هەرێمێك دا کە ئەو دوو زمانە زمانی کەمینە بن ئەوا:-

أ. دەتوانرێت پەیڕەو بکرێت لە کاتێك لە هەرێمێکدا ژمارەی منداڵانی ئەو هاوڵاتیانە ئەوەندە بێت کە بتوانرێت کەل و پەلی خوێندنیان لە ڕێکخراوی حکومی فێر کردنی کەمینە زمانەکانەوە بۆ دابین بکرێت.

ب. هەروەها ئەو هاوڵاتیانە مافی ئەوەیان هەیە کە بۆ منداڵەکانیان ئاسانکاری بکرێت سەبارەت بە خوێندنی زمانی کەمینە لە ڕێکخراوی حکومی تایبەت بە فێر کردنی کەمینە زمانەکان.

# زمانە فەرمییەکان لە بەلجیگا

١. لە دەستوری بەلجیکا کە لە ساڵی ١٩٧٠ دەرچووە، چەند بەندێکی بۆ زمانە فەرمییەکان داناوە:-

## بەندی (٤) زمانی هەرێمەکان

٢. هەرێمەکانی بەلجیکا بەگوێرەی زمانی هاولاَتیانی بەسەر چوار هەرێم دابەشکراوە، ئەو هەرێمەی کە هاولاَتیانی بەزمانی فەرەنساوی دەدوێن، ئەو هەرێمەی کە هاولاَتینی بەزمانی هۆڵەندی دەدوێن، و هەرێمی برۆکسیلی پایتەخت کە هاولاَتیانی بە دووزمان دەدوێن ئەو هەرێمەی کە هاولاَتیانی بەزمانی ئەڵمانی دەدوێن.

٣. هەر کۆمیۆنێکی (شانشینەکە) مەلەکی دەبێت سەربەیەك لەو هەرێمانە بێت کە بەپێی زمانی هاولاَتیان دابەشکراون.

٤. ئاست یاخود سنوری ئەو چوار هەرێمەی کە بەگوێرەی زمانی هاولاَتیانی دابەشکراون تەواو دەتوانرێت (بگۆڕدرێت) جیا بکرێتەوە بەلاَم تەنیا لە ڕێگەی یاسایێك کە بۆ ئەم مەبەستە دابنرێت و بڕیاری لەسەر درابێت ئەمەش بەهەڵبژاردنێکی (دەستەی زمانەوانی) لەهەر ئەنجومەنێکی یاسا دانانەوە بێت کە تیایدا زۆرینەی دەنگی دەستەی زمانەوانی بڕیاری لەسەر بدات بەمەرجێك زۆرینەی ئەندامانی هەر دەستەیەك کە کۆی دەنگەکان، دوو دەستەی زمانەوانی دوو هەرێم، ئەوانەی بڕیارەکەیان لاپەسندە ٣/٢ دەنگەکان بێت.



## بەندی ١٨٩

١. دەقەکانی سەپێنراو واتە پابەند بوون (ملزم) دەقەکانی دەستور بەزمانی (فەرەنساوی و هۆڵەندی و ئەڵمانی) بلاَو کراونەتەوە.

لەم سێ دەستورەدا بەفەرمی (ڕەسمی) دان بەچەندان زمان دانراوە و پێویستە لەسەر یاسا ناسی کوردستانیش سوود لە ئەزمونی وولاَتانی فیدڕاڵی فرە نەتەوەیی وەربگرن تاکو لەدەستوری ئایندەی عیراقدا جێگیری بکەن و زەخت لەسەر زمان بکرێ کە لە عیراقدا دووزمانی سەرەکی فەرمی (رەسمی) هەن کە ئەمانیش زمانی عەرەبی و کوردین لەهەموو ئاست و کات و شوێنێ لەوولاَتی عیراق فیدراڵدا بەکار بهێنرێت (ئەم سێ دەستووره نمونەی زیندوون کە دەتوانرێ چەندان زمان لەیەك کاتدا زمانی رەسمی ولاَت بن) نەك زمانی کوردی هەر لە هەرێمی کوردستانی عیراق بەڵکو سەرتا سەری عیراق فیدراڵ بەکار بهێنرێت پاش گەراندنەوەی ئەو شوێنانەی دابڕابوون هەروەها مافێکی رەوایە کە بەزمانی کوردی لەتەك زمانی عەرەبی لەسەر دراوی عیراقسش بنوسرێ.

## پارێزراوەکان

١. لەبەشەکانی دیکەی کوردستان نەوەك مەکتەبێك بەزمانی کوردی نیە بەڵکو نکوڵی لە بوونی گەلی کوردستان دەکەن.

٢. گەرچی بۆ ماوەیەکی کەمیش بێت پاش ١١ ئاداری ١٩٧٠ بایەخ و گرنگی بەزمانی کوردی دا: (مەبەستم خوێندنە لە قۆناغەکانی خوێندن) بەلاَم پاشتر تەسك کراوە بەتایبەتی لەو شوێنانەی کەبەر ناوچەی

کوردستانی ئۆتۆنۆمی ئەوسای ڕژێمی پێشوو درابوون و هەروەها زمانی تورکمانیش لەکەرکوك قەدەغە کرابو.

٣. بەڵگەنامەکە لە ژمارە (٧) ی ڕۆژنامەی تەعریب بڵاو کراوەتەوە.

٤. لە کتێبی (التگهیر العرقی – تغییر القومیه ڤ کرکوك)پەنجا بەڵگە نامەی تیا بڵاو کراوەتەوەو نووسەر ئەم بابەتە ئامادەی کردوە.

٥. نیوە برەنزویك هەرێمێکە لە هەرێمەکانی کەنەدا.

٦. مەبەست لێرەدا پەیڕەو کردنی مافی ئەو هاوڵاتیانەیە.

٧.کۆمیون: بچووکترین یەکەی کارگێڕییە لە فەرەنسا و ئیتاڵیاو سویسڕا و بەڵجیکا کە هەریەکەیان پارێزگارو سەرۆکی شارەوانی و ئەنجومەنی راوێژکاری تایبەتی خۆی هەیە.

* سوپاسێکی تایبەت بۆ برازام (ئارەزوو اسماعیل شکر) کە بەندەکەی دەستوری کەنەدی و بەلجیکی لە زمانی ئینگلیزی بۆ کردومەتە کوردی... هیوادارم نموونەی زۆر بێت.

## زمانە رەسمییەکان لە دەستوری باشوری ئەفریقی ساڵی ١٩٩٧ و دەستوری ئەفغانستانی ٢٠٠٤ دا

لەسەردەمی رژێمی بەعسدا، بەردەوام کۆبونەوە بە خەڵك دەکرا بەڵام ئەوەی کوردستان شێوەو شێوازێکی رەگەز پەرستیو عەقلیەتی نەتەوەی باڵا دەستی بەسەر زاڵ بوو چونکە گەرچی گشت ئامادەبوان کوردستانی بوون بەڵام بەعسیزمەکان بێ گوێدانە هەست و نەستی خەڵك تەنیاو بە تەنیا بە زمانی عەرەبی دەدوان و مسۆگەریش دەیانزانی کە زۆربەی زۆریان (بە دەگمەن) نەبێ دەنا تەقەی سەریان دەهات چونکە لە زمانی عەرەبی نە دەگەیشتن ئەمیش پێچەوانەی دەستور و گشت ئەو یاسایانە بوو کە خۆی بەعسیزم بڕیاری لەسەردابوو کە دان بە زمانی کوردی لە تەك زمانی عەرەبی نراوە بەڵام بە هیچ جۆرێك جێبەجێنەدەکرا و بە ئەنقەست فەرامۆش دەکرا.

و ئێستاش ئەوانەی (هاتو هاواریانە) دەنگ هەڵدەبڕن لە دژی فیدراڵی و کێشەی نەتەوایەتی ئەو نەتەوایانەیان هەیە کە نکوڵی لەبوو نیشان دەکەن و سەربار کێشەی دیموکراسی و ئازادی و مافی مرۆڤیان هەیە.

لە دەستوری سویسرا (چوار زمان بێ گوێدانە (رێژەیان) ئەڵمانی ٧١٪ و فەرەنسی ١١٪ و ئیتاڵی ١٢٪ ئەرپتۆ رۆمانیش (١٪) و هەر چوار زمان رەسمین لە دەستوری سویسرادا، لە بەلجیکاش سێ زمان (زمانی ئەڵمانی و فلاندری و فەرەنسی)و لە کەنەداش دوو



زمان (زمانی ئینگلیزی و فەرەنسی) وە هەروەها لە دەستوری ئەفغانستان ئەوا دوو زمان لە سەرتا سەری وڵاتی ئەفغانستان زمانی رەسمین و زمانەکانی دیکەش لە هەرێمەکانیان بە کار دەهێنرێن). لە دەستوری باشووری ئەفریقیاش نەك رەچاوی یازدە زمان کراوە کە بەکار دەهێنرێن بەڵکو هەر نەتەوەیەکی دیکە هەبێ و زمانی تایبەتی خۆی بەکار بهێنێ ئەو بایەخ و گرنگی پێدەدرێ تاکو ببوژێتەوەو پەرە بسێنێ و جگە لە زمانە نەتەوایەتییەکان ئەوا لایەنی ئاینی بەهەر زمانێ بێ ئەوا لە دەستوردا ناویان هێنراوەو هەر هەموو زمانەکانیش زەمانەتی بوژاندنەوەو بەکار هێنانیان درای و ئەمیش باشترین وەڵامە کە بۆ ئەوانەی بە عەقلیەتی شۆڤێنی پەروەردەکراون و راهاتوون لەسەر تاکە زمانی کە هی نەتەوەی باڵا دەستە و زمان نەتەوەکانی دیکە بە چاوێکی نزم و کەم سەیر دەکەن مامەڵەیان لە گەڵدا دەکەن بەڵام باوی ئەم بیرو هزرە بۆگەنانە بەسەر چوو باوی نەماو باهۆز دەیلەقێنێ و یەکسان هەموو نەتەوەکان دەگرێتەوە.

# دەستوری باشوری ئەفریقیا ١٩٩٧

له ماددەی (٦) زمانەکاندا هاتووە:

١–زمانە فەرمییەکان (رەسمییەکان) لە کۆماری باشوری ئەفریقیا ئەمانەن : سیبیدی، سیسۆسۆ، سیتسوانا، سیسواتی، تیشیفندا، زیتسۆنگا، ئەفریکانس، ئەنگلیزی، ئیسیدابیل، ئیسیزۆسا، ئیسیزۆلۆ.

٢–رەچاوکردنی (لەبەرچاوگرتنی) ئەو جیاوازیە مێژوویەی لە نێوان زمانەکاندا لە بەکار هێناندا هەیە، لەم پێناوەدا ولات هەولی پەرەپێدان و بەرزکردنەوەی ئاستی گشتی زمانەکان دەدات .

٣–

أ– حکومەتی نیشتمانی و حکومەتی هەرێمیەکان سەر پشکن ، لە دەستنیشان کردنی هەر زمانی رەسمی بۆ ئەوەی لە کاروباری حکومەتی بەکاری بهێنی بە مەرجی رەچاوکردنی : (رادەی بەکار هێنانی زمانەکە بە پراکتیکی)، ئەو برە پارەی بۆ پەرەپێدانی تەرخان دەکرێت ، بارودۆخی هەرێمەکە، بەراوردکردنی زمانەکە لەلایەنی پێداویستی بەکار هێنان و رای دانیشتوان بەشێوەیەکی گشتی لە هەرێمی ناوبراودا، و هەریەك لە حکومەتی نیشتمانی حکومەتە هەرێمیەکان بە لایەنی کەم دوو زمانی رەسمی بەکار دەهێنن.

ب– دەبێ بەرێوەبەری شاروانیەکان، رەچاوی ئەو زمانە بکەن کە دانیشتوانی هەرێمەکە باشتری دەزانن. چونکە بەکار دەهێنرێ.



٤–بۆ رێکخستن و چاودێری ئەو زمانانەی بەرەسمی بەکاردەهێنرێن ئەوا هەر یەکە کە لە حکومەتی نیشتمانیو حکومەتی هەرێمیەکان رادەبن بە دەرچواندنی یاساکان و رێساکاندا و لەبەر چاوگرتنی برگەی (٢) لەم ماددەیە و هەموو زمانە رەسمییەکان بە شێوەیێکی یەکسانی مامەلەیان لەگەڵ دەکرێت.

٥–ئەنجومەنی زمانەکانی باشوری ئەفریقیای بە گوێرەی یاسای نیشتمانی پێك دەهێنرێ بۆ ئەنجامدانی:

أ–بارودۆخێکی وا بێتە کایەوە بۆ پەرەپێدان و بەکارهێنانی:

– گشت زمانە فەرمییەکان (رەسمییەکان).

– زمانەکانی لهوی، ناما، سان.

زمانی هێماکان.

ب– هاندان و زەمانەتی رێزگرتنی بەم جۆرە:

– هەموو ئەو زمانانەی بە بەربلاویو فراوانی لەکۆمەڵەکانی باشوری ئەفریقیان کە پێك هاتووە لە:

ئەڵمانی، یۆنانی، کۆجرات، هیندی، پورتگالی، تامبیل، تیلیگۆ، ئۆردۆ.

– ئەو زمانانەی بۆ مەبەستی ئایینی بەکار دەهێنرێن وەکو زمانی عەرەبی، عیبری، سەنسکرینی، زمانەکانی دیکە.

# دەستوری ئەفغانستان ٢٠٠٤

ئەو دەستورە لە سەرەتای ئەمساڵدا بڕیاری لەسەر درا.

لە ماددەی ٤ (کۆمەڵەکانی ئەسەنی، هاونیشتمانی) دەسەڵاتەکانی باڵا لە بەرگەی سێیەمیدا هاتووە:

١–نەتەوەی ئەفغانستان لەو کۆمەڵە ئەسەنیانە پێك دێت: پشتۆنی، تاجیکی، هەزاری، ئۆزبەکی، تورکمانی، بلۆشی، پاشای، نورسانی، ئایماتی، عەرەبی، قەرغیزی، گوجوری، بلاهوی، قزڵباشی و هی دیکەش.

ماددەی ١٦ (زمانەکان):

١–ئەو زمانانەی لە وڵات بەکار دەهێنرێن ئەمانەن، پشتۆ، داری، ئۆزبەکی، تورکمانی، پاشای، نورستانی، بامیری (ئەسلانی)، عەرەبی و زمانی دیکەش بەڵام هەردوو زمانی پشتۆو داری زمانی رەسمین لە وڵاتدا.

٢–زمانەکانی تورکی (ئۆزبەکیو تورکمانی)، بلۆشی، پاشای، بامیری (ئەسلاتا)، بلۆشی ، سەرەرای هەردوو زمانی (پشتۆو داری) بە زمانی سێیەمینی رەسمی لەو ناوچانەدا کە زۆربەی دانیشتوانی پێی دەدوێن و رێککارو چۆنیەتی (پراکتیکی) لەبەکار هێنانیان ئەوا بەگوێرەی یاسا دیاری دەکرێن.

٣–دەوڵەت پلانی کاریگەر بۆ پەرەپێدانی گشت زمانەکان لەئەفغانستان پەیڕەو دەکات.



٤–(چاپەمەنیەکان و ئێزگەو تەلەفزیۆن) بە هەموو زمانەکانی بەکار هاتووە لە وڵاتدا بڵاوو پەخش دەکرێن.

دەقنوسی دەستوری ئەفغانستان بە هەردوو زمانی پشتۆو داری نوسراون و پشتیان پێ دەبەستریۆ گەر بۆ هەر زمانێکی دیکە وەرگێرا، ئەوا هەر دەقنوسەکە بە دوو زمانی رەسمی پشتۆ و داری سەر چاوەی سەرەکین بۆ بەراورد و دڵنیا بوون.